هۆنراوەی بەیقوونی

نووسراوی

ئیمام عمر ابن محمد ابن فتوح البيقوني

وەرگێڕان و لێدوان

مامۆسا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

حفظه الله تعالى

هۆنراوەی بەیقوون ـی

نووسراوی

ئیمام عمر (یان طه)ـی کوڕی محمد ـی کوڕی فتوح ـی بەیقونی دیمەشق ـی شافعی ـیە

وەرگێڕان و لێدوان

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

ئامادەکردنی

سەرخەرێکی دەوڵەتی ئیسلامی

مامۆستا ئوسامە شارەزووری

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحیم

پێشەکی مامۆستا ئوسامە

بسم الله الرحمن الرحيـم

گەرالله تعالی پشتیوان بێت وکارمان ئاسان کات بەچەند زنجیرە وانەیەک لێدووان لەسەر المنظومەی البيقونية ئەیەین داواش ئەکەین لەفێرخوازان ی زانست ڕۆژانە لەگەڵمان خوێنەربن و مەتنەکە لەبەر بکەن گەر گەشتین بەکۆتای بەباتەکە تاقیکردنەوەیەک ئەکەین بۆئەوقوتابیانەی ڕۆژانە لەگەڵمان خوێنەربوون و باسەکان تێگەشتوون هەوڵ ئەیەم بابەتەکە بەسادەی وپوخت وکورت ی بنوسم تا قورس نەبێت لەسەر طالب علم چونکە ئەم زانستە بۆ زۆرێکتان زانستێکی سەرەتاییە بۆیە پێویست بەکورت وپوخت ی ئەکات تا جوانتر تێبگەن وئاڵۆز نەبێت لاتان.

بەڵام ئەوانەی ئەیانەوێ وەک قوتابیەک تاکۆتایی وانەکە بمێننەوە ئەوە پێویستە :

١ - مەتنەکە لەبەربکەن.

٢ - هەر ڕۆژێک چەند دێرمان لەهۆنراوەکە شەرح کرد لەبەری بکەن.

٣ - پاشان فەهم وتێگەشتنی وردیان بۆبابەتەکان هەبێت.

لەدوای تەواوبون ی وانەکان گەر الله تعالی ویست ی لەسەربێت ئەوا

تاقیکردنەوە بەشێوازی پرسیار و وەڵام ئاڕاستەی قوتابییەکان ئەکەم بەڵام ئەوەش ئەکەین بەمەرج کەهیچ قوتابییەک فێڵ وغەش نەکات لەکاتی وەڵامدانەوە ئەمەش بەڕێگای خۆی پرسیار و وەڵامەکانیش تەنها لەڕێگەی نوسینەوە ئەبێت.

ان شاء الله تعالی ئومێدەکەین بۆ بەرەوپێش بردنی خۆتان لەگەڵمان بن هۆنراوەکەش بەم شێوە ئەخوێنرێتەوە بەوشێوازە لەبەری بکەن کەلەڤیدۆکەیا دامناوە ان شاء الله تعالی ئیرادەتان بەرزبێت بڕیاربەن بەلەبەرکردن ی هۆنراوەکە و تێگەشتن لەو لێدوانانەی ڕۆژانە بڵاوی ئەکەینەوە لەسەری ان شاء الله تعالی بابەتەکان تابتوانین بەسادە وساکاری ئەنوسین تا بۆئێوەش ئاسانتربێت.

الحمد لله رب العالمين

نووسەر : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی حفظه الله
١ ربيع الأول، ١٤٤٨ هـ
بەرامبەر ١٥ / ٨ / ٢٠٢٦

پێڕست

پێڕست

پێشەکی

پێشەکی ٤

پێڕست

پێڕست ٧

1 وانەی یەکەم ٤-١

فەرموودە دوو بەشە (سەنەد، مەتن) ٢٦
زانستی فەرموودە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش ٢٧
شاذ چییە ؟ ٣٠
علەی قادحة چیە وچۆنە ؟ ٣٣
مەرجەکانی عەدل بوون ٣٤
سەبارەت بەتاوانی درۆکردن تەفصیلی تێدایە ٣٥
ضبط دوو جۆرە ٣٨

2 وانەی دووەم ٥-٧

پێناسەی حسن چییە؟ ٤٢
ضعیف چییە ؟ ٤٣
ئەم سێ جۆرە پێنج لقی لێدەبێتەوە (صحیح لذاتە، صحیح لغیرە، حسن لذاتە، حسن لغیرە، ضعیف) ٤٤
هەنێک لەزاناکان گێڕانەوەی فەرموودەی ضعیف یان بەجائیز داناوە لەبابەتی ترغیب وترهیب، بەچوار مەرج ٤٥
مەرفوع ٤٦
مەوقوف ٤٨
ئایا ئەوەی ئەدرێتە پاڵ هاوەڵان حوکمی حەدیثی مەرفوع وەرئەگرن ؟ ٤٩
مقطوع ٥١
منقطع ٥١

3 وانەی سێهەم ٨-٩

موسنەد ٥٣

ئایا متصل چیە ؟ ٥٥
ئایا مەرجە بۆ متصل بوونی سەنەد ڕاوی گەشتبێت بەو کەسەی لێوەی ڕیوایەت دەکات ؟ ٥٧

4 وانەی چوارەم ١٠-١٢

موسەلسەل چییە ؟ سوودەکەی و پێناسەکەی و نمونە ٦١
عزیز ٦٦
مەشهور ٦٨
پاشان مشهور بەسەر دوومانا دابەش ئەبێت ٧٠
ئەوەی لەناوخەڵکیدا مەشهورە دووجۆرە ٧٠
ئەوەی لەناو زانایان مەشهورە ٧١

5 وانەی پێنجەم ١٣-١٤

موعەنعەن چیە ؟ ٧٣
ئایا چی کاتێک عن وەرئەگیرێت؟ ٧٤
موبهەم ٧٥

بەرزی سەنەد ونزم بوون ـی ٧٦
ئایا مەرجە هەر سەنەدیٚ عالی بێت صحیح تربێت لەو ســەنـەدەی
کەنازلـ ـە ؟ ٧٧

6 وانەی شەشەم ١٥-١٨ (ا دێڕ)

گەر لێیـان پرسیت مەوقوف چیە تۆ چۆن وەڵام ئەیەیتەوە؟ ٨٢
پێناسەی هاوەڵ چیـە وکیٚ ئەگرێتەوە ؟ ٨٢
مورسەل ٨٣
کاتەکانی قبووڵکردنی مورسەل ٨٦
غەریب بوون ٨٧
زانایان منقطع دابەش ئەکەن بـۆچوار جۆر ٨٩
ئایا موعەلەق لەبەشەکانی ضعیفـ ـە یان صحیح ؟ ٨٩
موعضەل ٩٠

7 وانەی حەوتەم ١٨ (ا دێڕ) - ٢٠

حەدیث ـی مدلس ٩٤

تەدلیس لە سەنەد چییە ؟ ٩٤
حوکمـی حەدیثـی کەسـی مدلس چیـە ؟ ٩٥
نمونەی ئەم جۆرە تەدلیسکردن لەگۆڕینی ناو نازناو و وەسفـی شێخـدا ٩٨
ئایـا تەدلیس حەرامە؟ ٩٨

8 وانەی هەشتەم ٢١-٢٢

فەموودەی شاذ ١٠١
فەرموودەی محفوظ ١٠٢
منکر چییە ؟ ١٠٩
معروف چیە ؟ ١١٠
مەقلوب ١١١
مەقلوب (وەرگەڕاو) دابەش ئەبێت بۆ دووبەش ١١١

9 وانەی نۆیەم ٢٣-٢٥

فەرد ١١٤

فەردی مطلق چیـە ؟ ١١٥
فەردی نسـبـ ـی چیە ؟ ١١٦
فەردی نسب ـی دابەش ئەبێت بۆسێ بەش ١١٦
ئایـا جیاوازی هەیە لەنێوان فەرموودەی تاک وغەریب ؟ ١١٩
فەرموودەی موعـەلەل ١٢٠
دیـارترینی ئەو کتێبانەی لەبارەی علەت نوسراوە ١٢٢
مضطرب ١٢٢
فەرموودەی مضطرب (تێکچوو) دوومەرج ـی هەیە ١٢٣

10 وانەی دەیەم ٢٦-٢٩

مودرەج ١٣١
تێکەڵ بوون لەسەنەد ١٣١
مدرج لـەمەتن ـدا ١٣٣
هۆکاری ئەم تێکەڵاوکردنە چیـە بۆچی ڕووئەیات ؟ ١٣٣
نمونەی تێکەڵاوکردن لەسەرەتا و ناوەڕاست و کۆتای فەرموودە ... ١٣٤
مودەرج بەچەند شـتێک ئەناسرێتەوە ١٣٦

حوکمی مودەرج چیە ؟ ١٣٦
مودەبەج چیە ؟ ١٣٧
هاوشان و هاوسەردەم یان الاقران واتای چیە؟ ١٣٧
نمونەی مودەبەج لەناو هاوەڵان و تابعین و اتباع ی تابعین و اتباع الاتباع ١٣٨
متفق و مفترق ١٣٩

11 وانەی یانزە ٣٠-٣٤

مونکەر لەفەرموودە چیە ؟ ١٤٦
منکر لەلای زانایان چەند پێناسەیەکی هەیە لەو پێناساسانەش.. ١٤٦
متروک و موضوع ١٤٧
حوکمی گێڕانەوەی فەرموودەی موضوع ١٥١
نیشانەکانی فەرموودەی هەڵبەستراو ١٥١
لەورێگایانەی ئەزانرێت فەرموودەکە هەڵبەستراوە ١٥١
هۆکارەکانی دروستکردنی فەرموودەی هەڵبەستراو ١٥٣
لەوکتێبانەی لەبارەی فەرموودەی هەڵبەستراو نوسراون ١٥٤

کۆتای

مەتن

متن المنظومة البيقونية

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

١- أَبْـدَأُ بِالـحَـمْـدِ مُصَلِّـيَاً عَـلَى
مُـحَـمَّدٍ خَـيْرِ نَـبِـيٍّ أُرْسِــلاَ

٢- وَذِي من أقْسَامِ الحَدِيثِ عِدَّهْ
وَكُـــلُّ وَاحِـــدٍ أَتَـــى وَحَـدَّه

٣- أَوَّلُهَا الصَّحِيـحُ وَهْـوَ مَـا اتَّصل
إسْـنَادُهُ وَلَـمْ يَـشُـذَّ أَوْ يُـعَـلْ

٤- يَـرْوِيهِ عَـدْلٌ ضَابِـطٌ عَـنْ مِثْلِه
مُـعْـتَـمَدٌ فِي ضَـبْـطِهِ وَنَـقْلِه

٥- وَالحَسَن المَعْرُوفُ طُرْقاً وَغَدَتْ
رِجَالُهُ لاَ كَالصَّحِيحِ اشْتَهَرَتْ

٦- وَكُلُّ مَا عَنْ رُتْبَةِ الحُسْنِ قَصرْ
فَهْوَالضَّعِيفُ وَهْوَ أَقْسَاماً كَثُرُ

٧- وَمَا أُضِيفَ لَلنَّبِي المَرْفُوعُ
وَمَا لِتَابِعٍ هُوَ المَقْطُوعُ

٨- وَالمُسْنَدُ المتَّصِلُ الإِسْنَاد مِنْ
رَاوِيهِ حَتَّى المُصْطَفَى وَلَمْ يَبِنْ

٩- وَمَا بِسَمْعِ كُلِّ رَاوٍ يَتَّصِل
إسْنَادُهُ لِلْمُصْطَفَى فَالْمُتَّصِل

١٠- مُسَلْسَلٌ قُلْ مَا عَلَى وَصْـفٍ أَتَى
مِـثْـلُ أَمَا وَاللهِ أَنْـبَانِـي الْفَتَى

١١- كَـذَاكَ قَـدْ حَـدَّثَـنِيـهِ قَائمـاً
أَوْ بَعْدَ أَنْ حَـدَّثَـنِي تَـبَـسَّـما

١٢- عَزِيـزُ مَـرْوِي اثْـنَـيْنِ أَوْ ثَـلاَثَهْ
مَشْهُورُ مَـرْوِي فَـوْقَ مَا ثَـلاَثَـهْ

١٣- مُعَنْعَنٌ كَعَنْ سَعِـيـدٍ عَنْ كَـرَمْ
وَمُـبْـهَـمٌ مَا فِـيهِ رَاوٍ لَـمْ يُـسَـمْ

١٤- وَكُـلُّ مَـا قَـلَّـتْ رِجَـالُـهُ عَـلاَ
وَضِـدُّهُ ذَاكَ الَّـذِي قَـدْ نَـزَلاَ

١٥- وَمَـا أَضَفْتَهُ إِلَى الأَصْـحَابِ مِنْ
قَـوْلٍ وَفِـعْلٍ فَـهْـوَمَـوْقُـوفٌ زُكِنْ

١٦- وَمُـرْسَلٌ مِـنْهُ الصِّـحَابِـيُّ سَقَطْ
وَقُـلْ غَـرِيـبٌ مَـا رَوَى رَاوٍ فَـقَـطْ

١٧- وَكُـلُّ مَا لَـمْ يَـتَّـصِـلْ بِـحَـالِ
إِسْـنَـادُهُ مُـنْـقَـطِـعُ الأَوْصَـالِ

١٨- والمُـعْـضَـل الساقِـط مِنه اثْـنـانِ
وما أتَـى مُـدلِّـساً نَـوعَـانِ

١٩- الأَوَّلُ الاسْـقَـاطُ لِـلـشَّـيْـخِ وَأَنْ
يَـنْـقُـلَ عَـمَّـنْ فَـوْقَـهُ بِـعَـنْ وَأَنْ

٢٠- وَالثَّانِ لاَ يُسقطُهُ لَكِنْ يَصِفْ

أَوْصَافَهُ بِمَا بِهِ لاَ يَنْعَرِفْ

٢١- وَمَا يُخَالِفْ ثِقَةٌ بِهِ المَلاَ

فَالشّاذ والمَقْلُوبُ قِسْمانِ تَلاَ

٢٢- إبْدَالُ رَاوٍ مَا بِرَاوٍ قِسْمُ

وَقَلْبُ إسْنَادٍ لِمَتْنٍ قِسْمُ

٢٣- والفَرْدُ ما قَيَّدْتَهُ بثقَة

أَوْ جْمعٍ أَوْ قَصٍر عَلَى رِوَايَةٍ

٢٤- وَمَا بِعِلَّةٍ غُمُوضٍ أَوْ خَفَا

مُعَلَّلٌ عِنْدَهُمْ قَدْ عُرِفَا

٢٥- وَذُو اخْـتِـلافِ سَـنَـدٍ أَوْ مَـتْـنِ

مُضْطَرِبٌ عِـنْـدَ أُهَـيْـلِ الْـفَـنِّ

٢٦- وَالمُدْرَجَاتُ فِي الحَدِيثِ مَا أَتَتْ

مِنْ بَعْض أَلْفَاظِ الـرُّوَاةِ اتَّصَلَتْ

٢٧- وَمَا رَوَى كُلُّ قَــرِيــنٍ عَنْ أَخِـهْ

مُـدبَّـجٌ فَأَعْـرِفْـهُ حَـقّـاً وَأَنْـتَـخِهْ

٢٨- مُـتَّـفِـقٌ لَـفْـظاً وَخَـطاً مُـتَّـفِـقْ

وَضِـدُّهُ فِـيـمَـا ذَكَـرْنَـا المُـفْـتَـرِقْ

٢٩- مُـؤْتَـلِـفٌ مُـتَّـفِـقُ الخَـطِّ فَـقَـطْ

وَضِـدُّهُ مُـخْـتَـلِفٌ فَاخْـشَ الْـغَـلَطْ

٣٠- وَالـمُـنْـكَـرُ الْـفَـرْدُ بِـهِ رَاوٍ غَـدَا
تَـعْـدِيلُهُ لاَ يَـحْـمِـلُ الـتَّـفَـرُّدَا

٣١- مَـتْـرُوكُـهُ مَـا وَاحِـدٌ بِـهِ انْـفَـرَدْ
وَأَجْـمَـعُوا لِضَعْـفِهِ فَـهْـوَ كَـرَدْ

٣٢- والكـذب المختلـق المَـصـنـوعُ
على الـنـبـيْ فذلـك الـمـوضـوعُ

٣٣- وَقَـدْ أَتَـتْ كَالجَـوْهَـرِ المَكْـنُـونِ
سَمَّيْـتُـهَـا مَنْظُـومَةَ الْبَـيْـقُونِـي

٣٤- فَـوْقَ الـثَّـلاَثِـيـنَ بِـأَرْبَـعٍ أَتَـتْ
أَبياتها تَمَّـتْ بِـخَـيْـرٍ خُتِـمَـتْ

مناصري

الدولة الإسلامية

خلافة على منهاج النبوة

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی یەکەم

1

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی یەکەم

زانستی فەرموودە زانستێکی سەربەخۆیە زانینی ئەو بنچینەو بنەمانایانەیە کەحاڵی سەنەد ومەتنەکەی پێ ئەناسرێتەوە لەڕوانگەی قبوڵکردن وڕەدکردنەوە.

چونکە فەرموودە دووبەشە :

سەنەد (ئەو کەسانەی ئەیگێڕنەوە).

مەتن (وتەی ئەوکەسەیە کەلێوەی گێڕدراوەتەوە).

نمونە :

ئیمام ی بوخاری فەرموویەت ی : حدثنا الحميدي عبد الله بن الزبير قال حدثنا سفيان، قال حدثنا يحيى بن سعيد الأنصاري قال: أخبرني محمد بن إبراهيم التيمي أنه سمع علقمة بن وقاص الليثي يقول سمعت عمر بن الخطاب رضى الله عنه على المنبر قال سمعت رسول الله - صلى الله عليه وسلم يقول انما الاعمال بالنيات ...

سەند بریتیە لەوەی کەئیمام ی بخاری لەحمیدیەوە دەست ی پێکرد تاگەشت بەوەی عمری کوڕی خطاب فەرمووی بیستم لەپێغەمبەر ﷺ ئەمە تائێرە پێی ئەوترێ سەنەد.

مەتن ـەکەش بریتیە لەفەرموودەکە انما الاعمال بالنيات – ئەوە پێی ئەوترێ مەتن.

کەواتـا ئەم زانستە کار ئەکات لەسەر پاککردنەوە وپوختەکردن ی فەرموودە لەوشتانەی کەتێکەڵ ی ئەبێت لەلاوازی وجگە لەوانەش کەفەرموودە ئەشێوێنێت ئەم زانستە یارمەت ی دەرە بۆئەوەی کەسـی بەڵگەهێنەر بتوانێت بەڵگە بهێنێتەوە بەفەرموودە :

١ – سەلماندنی فەرموودەکە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

٢ – سەلماندنی بەڵگە لەسەر حوکمەکەی.

کەواتا زانستـی فەرموودە دابەش ئەبێت بۆ دوو بەش کەپێی ئەوترێ :

١ – زانست ـی ڕیوایەت.

٢ – زانست ـی درایــة.

زانست ـی ڕیوایەت :

جۆری یـەکەم گەڕان ئەکات بۆئەوشتانەی لەپێغەمبەرەوە هاتون ﷺ لەوتەکان ی وکردارەکان ی وباردۆخەکان ی کەواتا زانست ی ڕیوایە پشکنین لەوە ئەکات کەنەقڵ کراوە.

بۆنمونە :

گەر شتێک لەپێغەمبەرەوە نەقڵ کرا ﷺ ئێمە سـەیری ئەوە ئەکەین ئایا ئەمە وتەی پـێغەمبەرە ﷺ یــان لەکردارەکانیــەت ی یان لەوشتانەیە

لەسەری بێدەنگ بووە وە ئایا بەڵگەیە لەسەر فلان شت یاخود نا.

بەڵام زانست ی درایة :

پشکنین بۆحاڵی ئەوکەسانە ئەکات کەگێڕاویانەتەوە.

بۆنمونه :

کەسێک ڕیوایەتەکە ئەگێڕێتەوە سەیری حاڵی ئەوکەسە ئەکرێت ئایا لەزانست ی فەرموودە ئەوکەسە قبوڵ کراوە یان ڕەد کراوە.

کەواتا ئەم زانستە لەمەتن وسەنەد ئەکۆڵێتەوە جاری واهەیە پیاوانی سەند هەمووی کەسانی سیقە وعەدلن بەڵام مەتنەکە شاذ و نەخۆش ی (عیلەت ی) تێدایە لەم کاتەدا دیسان وەرناگیرێت یان بەپێچەوانەوە جاری واهەیە پیاوانی سەندەکە ناگەنە ئاستی قبوڵ کردن وسیقە بەڵام مەتنی فەرموودەکە قبوڵکراو ئەبێت لەبەر ئەوەی لەقورئان وسونەت هاوشێوەی ئەو فەرموودەیە هاتوە یان بنەما شەرعیەکان پشتیوانی لێ ئەکات.

کەواتا زانست ی فەرموودە کار لەسەر قبوڵکردن وڕەدکردنەوەی حەدیث ئەکات بەوپێوەرە زانستیانەی دانراوە.

دەروازەی زانینی ئەم زانستەش بریتیە لەم هۆنراوەیەی ئیمام ی بەیقونی رحمه الله تعالی کەدانراوی ئیمام عمر (یان طه) ی کوڕی

محمد ی کوڕی فتوح ی بەیقونی دیمەشق ی شافعی یە زانایەکە زۆر لەبارەیەوە شت نەزانراوە لەساڵی 1080 ی کۆچی وەفات ی کردوە.

کەدەست پێکی هۆنراوەکەی دەست پێ ئەکات بەوتنی :

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمٰنِ الرَّحِيمِ

وپاشان ئەفەرموێت :

١- أَبْـدَأُ بِالـحَـمْـدِ مُصَـلِّـيَاً عَـلَى
مُـحَـمَّـدٍ خَـيْـرِ نَـبِـيٍّ أُرْسِـلا

٢- وَذِي من أقْـسَامِ الحَدِيـثِ عِـدَّهْ
وَكُــلُّ وَاحِــدٍ أَتَــى وَحَــدَّه

٣- أَوَّلُهَا الصَّحِيـحُ وَهْـوَ مَـا اتَّصل
إسْـنَـادُهُ وَلَـمْ يَـشُـذَّ أَوْ يُـعَـلْ

به الحمدلله وناردنی درود وصەلاوات بۆسەر محمد باشترین ی پێغەمبەران دەست پێ ئەکەم ﷺ ئەمه بەشەکان ی حەدیث ـە کەچەند جۆرێکن هەریەکەیان بەپێناسەی خۆی باسکراوە یـەکەمیان فەرموودەی صەحیح ـە لەڕووی سەنەدەوه متصل ـە شاذ وعلەت ی تێدانیه.

ئیمام لەمەرج ی فەرموودەی صەحیح فەرمووی سەنەدەکەی متصل بێت واتا هەموو ئەوانەی ڕیوایەتەکە ئەگێڕنەوه پچڕانیان تێدانیـە بۆنمونه ژمارە یـەک ئەڵێت ژمارە دوو پێی وتم ژمارە دوو ئەڵێت ژمارە سێ پێی وتم ژمارە سێ ئەڵێت ژمارە چوار پێی وتم ئەمه پێی ئەوترێ متصل چونکه هەریەکەیان یەک بەدووای یـەک لەکەسی سەرووی خۆیانەوە ئەیگێڕنەوه بەڵام گەر کەسی ژمارە یـەک بڵێت کەسی ژمارە سێ پێی وتم ئەمه پێی ناوترێ متصل چونکه کەسی ژمارە دوو لەناو سەنەدەکە دیارنەماوە.

پاشان فەرمووی شـاذ نەبێت.

شاذ چیـه ؟

واتا : کەسێکی سیقه گێڕاویەتیەوه بەڵام پێچەوانەی لەخۆی سیقەتری کردووه جا یان یان لەڕووی ژمارەوه مخالەفەی کۆمەڵێک لەخۆی سیقەتر بکات.

ئیمام ی ابن حجر فەرموویەت ی :

الشاذ ما رواه المقبول مخالفًا لمن هو أولى منه.

شاذ ئەوەیە کەسێکی قبوڵکراو گێڕاویەتیەوە پێچەوانەی گێڕانەوەی کەسێکی کردوە کەلەخۆی لەپێشترە.

بۆنمونە پێغەمبەر ﷺ لەسونتەکان هاتوە نەهیکردوە لەڕۆژووگرتن لەدوای پانزەی شەعبان ـەوە (لەڕووی سەنەدەوە کێشەی نیە) بەڵام لەهەردوو صەحیح بخاری ومسلم هاتوە پێغەمبەر ﷺ نەهیکردوە لەڕۆژووگرتن پێش ڕەمەزان بەڕۆژێک ودووڕۆژ.

کەواتا بەپێی فەرموودەکەی بخاری ومسلم ڕۆژووگرتن لەدوای پانزەی شەعبانەوە جائیزە چونکە نەهیکردنەکە تەنها بۆ ڕۆژوو دووڕۆژ پێش ڕەمەزان دیاریکراوە بەڵام لەفەرموودەی سوننەکان نەهیەکە لەدوای پانزەی شەعبانەوە دیاریکراوە بۆیە ئیمام ی احمد دەستی گرتوە بەفەرموودەی هەردوو صەحیحەکە وتویەتی فەرموودەی یەکەم شاذە چونکە پێچەوانەی گێڕانەوەی لەخۆی باڵاتری کردووە کەڕیوایەتی بخاری ومسلم ـە.

لەجۆرەکان ـی شاذبوون بریتیە لەوەی پێچەوانەی شتێک بێت کەبەپێویست لەدیندا زانراوە.

نمونەی ئەو شاذانە لەصحیح بخاری هاتوە بریتیە لەو فەرموودەیەی :

أن النار لا تمتلئ حتى ينشئ الله لها خلقًا آخر.

دۆزەخ پڕنابێت تا الله تعالى دروستکراوی تری بۆدروستەکات.

ئەمە گەرچی سەنەدەکەی متصل ـە بەڵام شاذە چونکە لەدیندا بەپێویست زانراوە الله تعالى ستەم لەهیچ کەسێک ناکات ئەم ڕیوایەتەش وەک ئیمام ی ابن قیم فەرموویەت ی :

فغلطٌ من الراوي انقلب عليه لفظه وإنما هو (وأما الجنة فإن الله يُنشئ لها خلقًا) وقد ذكره البخاري وسياق الحديث يدل على ذلك.

هەڵبوە لەوکەسەی گێڕاویەتیەوە لەفزەکەی پێچەوانەکردۆتەوە کەڕاستیەکەی ئەوەیە (کە الله تعالى بۆبەهەشت خەڵکانێکی تازە دروستەکات) بخاری باسیکردوە وە سیاقی فەرموودەکەش هەربەڵگەیە لەسەر ئەمە. [زاد المعاد في هدي خير العباد لابن القيم (1/ 551)]

شێخ ی ئیسلام ابن تیمیەش رحمه الله تعالى هەمان ڕوونکردنەوەی ابن قیم ی لەسەریاوە. [(مقدمة في أصول التفسير) لابن تيمية (30)]

کەواتا لەمەرجی صەحیح بوون بریتیە لەوەی شاذ نەبێت.

پاشان فەرمووی علەت ی تێدانەبێت. واتا گەر علەتێک هەبێت کەڕێگربێت لەقبوڵکردن ی فەرموودەکە ئەوە بەصەحیح دانانرێت

ئەمەش پێی ئەوترێ علة قادحة.

کەئەم جۆرە علەتە لەصحیح بوون دەری ئەکات.

علەی قادحة چیـە وچۆنە ؟

بریتیە لەوەی فەرموودەیەک دووکەس ئەیگێڕنەوە یـەکێکیان ئەڵێت ئەوشتەی نەکردووە یەکێکیان ئەڵێت ئەوشتەی کردووە.

بەڵام علەیەک کەشکێنەر نیـە بۆنمونە باسی ئەو وشترە جابر کەپێغەمبەر ﷺ لێی کری کەگێڕەوەکانی فەرموودەکە لەنرخی کڕینەکە جیاواز گێڕاویانەتەوە بەکەم وزیاد ئەم علەتە شکێنەر نیـە چونکە ئەوەی گرنگە کەوا پێغەمبەر ﷺ وشترەکەی کڕیوە بەنرخێکی دیاریکراو ئیتر ڕێژەی نرخەکە فەرموودەکە ناگەیەنێتە علەتێکی شکێنەر.

کەواتا تائێرە مەرجەکان بریتی بـوون لە :

— اتصال ی سەنەد.

— سەلامەت بوون لەشاذ بوون.

— سەلامەت بوون لەعلەتی شکێنەر.

پـاشـان ئیمام فەرموویـەت ی :

٤- يَـرْوِيهِ عَـدْلٌ ضَـابِـطٌ عَـنْ مِثْلِهِ مُـعْـتَـمَدٌ فِي ضَـبْـطِهِ وَنَـقْلِهِ

کەسێکی عادل و وردبین ئەیگێڕێتەوە لەکەسانی هاوشێوەی خۆی پشت پێ بەستراوە لەوردبینی وگێڕانەوەدا.

فەرمووی عەدل کەواتائەمە مەرج ی چوارەمە بۆ سەحیح دانانی فەرموودە،

عەدل بوون ئەم مەرجانەی هەیە :

١ - ئیسـلام.

٢ - دووركەوتنەوە لەفسق.

٣ - كەسێكی غافڵ نەبێت.

٤ - موكەلەف بێت.

٥ - شتانێكی تێدانەبێت كەسایەتی بڕوشێنێت.

واتا عەدل بوون لەلای زانایان واتا دامەزراوی کەسێک لەدین و کەسایەتیدا ئەمە پێی ئەوترێ عەدل واتا کەسێک فاسق بێت عادل نیە چونکە دامەزراونیە لەسەر دین بۆنمونە کەسێک پەیوەندی خزمایەتی پچڕاندوە ئەمە عەدل نیە گەر ڕاستگۆترین کەسیش بێت کەواتا کەسی گێڕەوە ئەبێت عادل بێت چونکە فاسق هەواڵی لێ وەرنـاگیرێت پاشان

ئەوەش بزانە لەمەرج ی عەدل بوون ئەوەنیە مرۆڤەکە توشی گوناهـ نەبێت هەرگیز بەڵکو گەر توشی گوناهێک بوو دەستبەجێ تەوبە ئەکات چونکە هیچ مرۆڤێک نیە مەعصوم بێت.

بەڵام سەبارەت بـەتاوانی درۆکردن تەفصیل ـی تێدایــە :

١ - گەر درۆ بکات بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ بۆهەمیشە عەدالەتی لێ وەرئەگیرێتەوە وپەک ئەخرێت تەنانەت گەر تەوبەش بکات تەوبەکەی نێوان خۆی و الله تعالی یە بەڵام لەڕووی ڕیوایەتەوە ڕەد ئەکرێتەوە ولێی وەرناگیرێت.

٢ - گەر درۆ لەقسەکردن ی هەبێ لەگەڵ خەڵکیدا کەپەیوەندی بەدرۆکردنەوە نەبێت لەدیندا ودرۆکەی پەیوەندی بەحەڵاڵ وحەرامەوە نەبێت ئەم جۆرە ئەگەر تەوبە بکات ئەوە عەدالەت ی بۆئەگەڕێتەوە وڕیوایەتی وەرئەگیرێت.

پاشان کەسایەتیەکەی پارێزراوبێت واتا ئەوکارانە نەکات کەلەشەخصیات ی بات بۆنمونە پیاوێکی خاوەن علم ودین بچێتە دەرەوە چلورەیەک بگرێت بەدەمەوە لەپێش چاوی خەڵک دەستکات بەلێسینەوەی چلورەکە ئەم کارە لەکەسایەتی ئەو پیاوە ئەیات وئەبێتە جێگەی گاڵتەجاڕی خەڵکی بـەڵام گەر ئەوکارە لەنەریتی خەڵکی ئەوناوچەیە وئەوشـــار وجێگەیە نەریـــت بێت وشتێکی ئاســـایی بێت

لەناوخەڵکی ئەوجێگەیەدا ئەو کاتە نابێت لێدان لەکەسایەتی چونکە نەریتی شوێنکە ئەوکارە بەلێدان لەکەسایەتی دانانێن وشتێکە خویان لەسەری گرتوە بەڵام گەر ئەوکارە ببێتە هۆی ڕەخنە وقسەی خەڵکی ئەوشوێنە بەرامبەر بەوکارەی ئەوە ئەبێتە لێدان لەکەسایەتی.

زانایان لە تعدیل (زانستی جرح وتعدیل) جاری واهەیە لەحوکمدان لەسەر کەسێک ڕاجیاواز ئەبن بۆنمونە زانایەک ئەڵێت فلان کەس کێشەی نیە یەکێکی تر ئەڵێت سیقەیە یەکێکی تر ئەڵێت فەرموودەی ڕەدئەکرێتەوە وهیچ نیە لەم کاتەدا ئایاچی بکرێت ئایا جەرح (بریندارکردن وطعن ـەکە وەربگرین یان ئەوانەی وەسفیان کردووە کامەی وەربگرین ؟) لەوەڵامدا ئەڵێین ئەوە وەرئەگرین کەڕاجح ـە گەر ئەو زانایەی ئەم کەسەی بەسیقە داناوە ئاگادارترە بەحاڵی ئەم کەسە لەچاو ئەوکەسەی کە طعن ی لێ یاوە ئەوە وتەی ئەوکەسە وەرئەگرین کەبەسیقەی داناوە چونکە ئەم ئاگاداترە بەحاڵی کەسەکە چونکە ئەوکەسەی ئاگادارترە وپەیوەندی وهەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم کەسە هەبوە ئەم ئاگادارترە پێی لەچاوئەوکەسەی کەجرح ی کردووە بەڵام گەر ئەوکەسەی جرح (طعن ی یاوە لەکەسەکە ئەم ئاگادارتربێت بەحاڵی کەسەکە وهەڵسوکەوتی لەگەڵ هەبوبێت ئەوکاتە وتەی ئەم وەرئەگرین چونکە ئەم باشتر ئەیناسێت).

کەواتا گەر زاناکان خیلافیان هەبوو لەجرح وتعدیل ی کەسێک هەرکامیان زیاتر لێوەی نزیک بوو ئەوە وتەی نزیکترەکەی لەسەر وەرئەگرین بـەڵام گەر ئەگەر هەردوولا یەکسان بون یان لامان ڕوون نەبوو کامیان لێوەی نزیکتربوونە لەمەشدا خیلاف هەیە.

هەنێک لەزانایـان فەرموویانە ئەصل عەدالەت ـە بۆیە وتەی ئەوانە وەرئەگرین کەوا بەعەدالەت وەسفیان کردووە هەنێ تر فەرموویانە ئەصل عەدالەت نەبوونە بۆیە دەست بەوتەی ئەوانەوە ئەگرین کەجەرحیان کردوە وڕیوایەتەکەی ڕەدئەکەینەوە.

بەڵام هەنێکی ترتەفصیل ئەیـەن بەبابەتەکە :

ئەفەرموون وتەی ئەوە وەرئەگیرێت کەتەفسیرکراوە.

بۆنمونە :

ئەوکەسەی ئەڵێت فڵان کەس کەسێکی سیقەوعەدلە لەگەڵیدا باسی ئەوەش ئەکات ئەڵێت ئەوهۆکارەی پێشتر لەسەر جرح (طعن ی لێدرابوو تەوبەی لێکردووە) کەواتالێرەدا بەتەفسیرکراوی تعدیل ی کرد لەم کاتەدا تعدیل پێش ئەخرێت چونکە زانست ی زیاتری هەیە بەحاڵی کەسەکە هۆکاری جرح کردنەکە ئاگادارە وئاگاداریشە بەتەوبەکردن ی لەوکارەی کەبۆتە هۆی جەرح کردن ی.

بەڵام بەپێچەوانەوە گەر ئەوکەسەی جرح ئەکات بڵێـت ئەوکەسە تامرد

لەسەر ئەوتاوانە مردووە لەم حاڵەتە جرح کردن پێش ئەخرێت.

پاشان ئیمام فەرمووی (ضابط).

ضبط دووجۆرە :

— ضبط ـی سنگ لەبەرکردن.

— ضبط ـی کتاب نوسینەوە.

ابن معین فەرموویەتی ئەوانەی ڕیوایەتی فەرموودە ئەکەن دووجۆرن : جۆرێک ئەوانەن پشت ئەبەستن بەلەبەرکردن وجۆریکی تر بریتین لەوانەی ڕزقی لەبەرکردنیان پێ نەبەخشراوە وتوانای لەبەرکردنیان بەهێزنیە جا گەر لەنوسینەوەی فەرموودەکان لەکتێبدا ضبط و وردبین بن لەنوسینەوە و وتنەوەی فەرموودەکان وردبین ئەوە پشت بەڕیوایەتیان ئەبەسترێت.

کەواتا ضبط ی سنگ : بریتیە لەوەی کەسەکە ئەوەی ئەیگێڕێتەوە لەبەری بێت واتا کاتێ ئەوفەرموودەی ئەیەوێ بیگێڕێتەوە لەشێخەکەی چۆن بیستویەتی ئاوا بیگێڕێتەوە.

وە ضبط ی نوسین : بریتیە لەوکەسەی لەنوسینەوەی فەرموودەکان وردبین بێت وکتێبەکەی بیپارێزێت لەوەی بکەوێتە دەست کەسانێ تر شتی زیادەی تێبکرێت بەڵکو وردبین وپارێزەری کتێبەکەی بێت چۆنی

بیستوه بەوشێوه بینوسێتەوه.

کەواتا ئەوەی لەم مەرجە ئەچێتە دەر ئەوکەسەیە کەلەکات ی وەرگرتنی فەرموودەکە بێ ئاگایی بوبێت یان لەکاتی وتنەوەی ـدا زۆرجار لەبیری بچێتەوه.

پاشـان ئیمام فەرمووی (عن مثله).

ئەبێت ئەم کەسەی ئەم مەرج ی صەحیح بونانەی تێدابێت فەرموودەکە لەکەسێکەوە بگێڕێتەوه کەوەک خۆی ئەو مەرجانەی تێدابێت پاشان لەلایەن زانایان ی جرح وتعدیل ـەوه ئەوکەسە متمانە پێکراوبێت وپشت بەوڕیوایەتی ببەسترێت.

وانەی دووەم

2

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی دووەم

٥- وَالحَسَن المَعْرُوفُ طُرْقاً وَغَدَتْ
رِجَالُهُ لاَ كَالـصَّحِيحِ اشْتَهَرَتْ

٦- وَكُلُّ مَا عَنْ رُتْبَةِ الحُسْنِ قَصُرْ
فَهْوَالضَّعِيفُ وَهْوَ أَقْسَاماً كَثُرُ

٧- وَمَا أُضِيفَ لَلنَّبِي المَرْفُوعُ
وَمَا لِتَابِعٍ هُوَ المَقْطُوعُ

فەرموودەی حسن ڕێگەی گێڕانەوە وسەنەدەکەی ناسراوە بەڵام پیاوانی سەنەدەکە وەک پیاوانی سەنەدی صەحیح ناسراو نین

هەر ڕیوایەتێک لەپلەی حسن خوارتربێت

ئەوە لاوازە ئەمەش چەند بەشێکی هەیە

ئەوەی بدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ پێی ئەووترێ مەرفوع

ئەوەی ئەدرێتە پاڵ تابعی ـەوە پێی ئەوترێ مقطوع

فەرموودەی حسن داخل ی مانای صەحیح ـە لەڕووانگەی قبوڵکردنەوە بەڵام جیاوازیەکەی لەگەڵ صەحیح ئەوەیە وەک فەرمووی پیاوانی سەنەدەکە ناگەن بەئاستی پیاوانی صەحیح لەڕووی ضبط ولەبەرکردن و وردبین ی وناوبانگ وپلە بەرزی ئەگەرچی کەسانێکی ضبط وعەدل ـن بەڵام ضبط ی ئەمانە لەچاو پیاوانی صحیح کەمترە کەواتا جیاوازیەکە لەوەدایە لەبڕی ئەوەی ضبط ی تەواوی پلەبەرزی هەبێت ضبط ی کەمترە.

کەواتا پێناسەی حسن : بــریــتیە لەوەی کەسێکی عەدل کەضبط ی کەمترە بەسەندی متصل بەبێ شاذ بوون وبەبێ علەتی شکێنەر ئەیگێڕێتەوە.

کەواتا کەسی حسن تۆمەتبارنیە بەدرۆ بەڵکو کەسێکی ڕاستگۆیە بەڵام لەلەبەرکردن لاوازترە بەمەرج ی ئەوەی پارێزراوە لەدرۆ بەڵام گەر کەسێک غافڵ بوون وبێ ئاگای زۆری هەبێت و هەڵەی زۆری هەبێت ئەمە ڕیوایەت ی بەضعیف دائەنرێت وەک ئیمام ی الترمذی فەرموویەتی :

ان من کان مغفلا کثیرا الخطإ لایحتج بحدیثه.

نمونەش ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

لولا ان اشق على امتي لامرتهم بسواك عند كل صلاة.

ئەمە فەرموودەیەکی حسن ـە چونکە سەنەدی فەرموودەکە هەموو پیاوەکان ی صەحیح ـن تەنها یەک کەس نەبێت کەلەسەنەدەکەیدا هەیە بەناوی (محمد بن عمرو بن علقمە) کەئەم کەسە لەپلەی حسن ـدایە چونکە وردبین ی وضبط ی ئەم کەسە کەمترە لەضبط ی پیاوانی صەحیح.

پاشان هەر فەرموودەیەک پلەی نزمتربێت لەحسن ئەوە ضعیف (لاوازە).

کەواتا ضعیف چیە ؟

هەرفەرموودەیەکە لەپلەی صحیح وحسن نزمتربێت مەرجەکان ی صحیح وحسن ی تێدانەبێت (واتا لاواز بریتیە لەوەی مەرجەکان ی قبوڵکردن ی فەرموودەی تێدانیە).

بۆنمونە :

— کەسێکی عەدل ڕیوایەتێ ئەگێڕێتەوە بەڵام ضبط ی لاوازە واتا ضبط ی خەفیف نیە وەک پیاوانی حسن وە ضبط ی بەهێزنیە وەک پیاوانی صحیح ئەوە ئەو فەرموودە بە لاواز دائەنرێت.

— یاخود ڕیوایەتەکە پچڕان لەسەنەدەکەی هەبێت دیسان بەلاواز

دائەنرێت.

کەواتا کۆی گشت ی تائێرە سێ جۆر فەرموودەمان باسکردووە.

بەڵام ئەم سێ جۆرە پێنج لق ی لێ ئەبێتەوە :

١ - صحيح لذاتـه.

٢ - صحيح لغيره.

٣ - حسن لذاتـه.

٤ - حسن لغيره.

٥ - ضعيف.

صحيح لذاته : ئەوەیە کەخۆی لەخۆیدا لەپلەی صەحیحە کەپێناسەکەی لە وانەی یەکەم باسکرا.

صحيح لغيره : بریتیە لەو فەرموودەیەی کەخۆی حسن ـە بەڵام بەچەند ڕێگەیەک هاتوە ناوئەنرێت صحیح لغیره واتا ئەگاتە پلەی صحیح لغیره بەهۆی هاتنی بەچەند ڕێگەیـەک.

حسن لذاتـه : بریتیە لەو فەرموودەی خۆی لەخۆیدا لەپلەی حسن دایە بەڵام پیاوانی سەنەدەکە ضبط ی کەمێک لەخوار پیاوانی صحیح ـە.

حسن لغيره : بریتیە لەوفەرموودەی خۆی لەخۆیدا لاوازە بەڵام بەچەند ڕێگەیەک هاتوە هەنێکی هەنێ تری بەهێز ئەکات ئەمە ئەبێتە حسن لغيره.

بەڵام **ضعيف** : بریتیە لەوەی نەصحیح ـە نەحسن ـە.

هەموو ئەوانە : (١. صحيح لذاتە ٢. صحيح لغيره ٣. حسن لذاتە ٤. حسن لغيره) قبوڵ ئەکرێن تەنها ضعيف نەبێت هەموو ئەوانە ئەکرێن بەحوجە وبۆخەڵکی ئەگێڕدرێتەوە تەنها ضعيف نەبێت ضعيف ـیش کاتێک دروستە بگێڕدرێتەوە کەڕوون بکرێتەوە کەضعيف ـە کەواتا دروست نیە ضعيف باس بکرێت ئیلا بەمەرج ـی ئەوەنەبێت کەبوترێ ضعيف ـە.

بەڵام هەنێک لەزاناکان گێڕانەوەی فەرموودەی ضعيف یان بەجائیز داناوە لەبابەتی ترغيب وترهيب،

بەچوار مەرج :

١ – فەرموودەکە هاندان وترساندن ـی بەندەی تێدابێت.

٢ – لاوازیەکەی زۆر توند نەبێت بەڵام گەر زۆر توندبێت جائیز نیە باس بکرێت.

٣ – ئەو فەرموودە لاوازە ئەصلی هەبێت لەکتاب وسونەت بۆنمونە لەبارەی چاکـەکردن لەگەڵ دایک وبـاوک یـان فەزڵی جەماعەت یان

فەزڵی قورئان خوێندن ئەمانە لەکتاب وسونەت دەقی لەسەر هاتوە ئەبێتە پاڵپشت بۆ فەرموودە لاوازەکە.

٤ – بڕوای وانەبێت کەئەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی چونکە جائیزنیە بەوتەی پێغەمبەری بزانێت ﷺ ئیلا صەحیح وحسن نەبێت.

بەڵام وتەی ڕاست ئەوەیە جائیزنیە فەرموودەی لاواز بۆخەڵکی باس بکرێت ئیلا بەڕوونکردنەوە وئاماژەدان نەبێت بەلاوازیەکەی چونکە گەر ئاماژە نەیا بەلاوازیەکەی خەڵکی واتێ ئەگەن ئەوە قسەی پێغەمبەرە ﷺ.

٧- وَمَا أُضِيفَ لَلنَّبِي الـمَرْفُوعُ وَمَا لِتَابِعٍ هُوَ الـمَقْطُوعُ

لێرەدا نوسەر باسی ناو وسیفات ی جۆرەکانی فەرموودە ئەکات واتا ئەوەی درایە پاڵ پێغەمبەر ﷺ پێی ئەوترێ مەرفوع ئەم ناو لێنانە پەیوەندی بەصحیح وضعیف ـەوە نیە بەڵکو ناساندنی ناوی خاوەن قسەکەیە، واتا هەرشتێک بدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ لەوتە یان کردار یان دانپێنان یان سیفەتێک لەسیفەت وهەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر ﷺ ئـەمە

پێی ئەوترێ مەرفوع لەزانست ی فەرموودە.

بۆنمونە :

— نمونەی فەرمووده‌ی مه‌رفوع ی وته ئەوەیە کەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

بنى الاسلام على خمس.

ئیسلام لەسەر پێنج پایە بونیادنراوە.

— نمونەی فەرموودەی مەرفوع ی کرداری ئەوەیە :

كان النبى صلى الله عليه وسلم ينام على جنبه الايمن.

پێغەمبەر ﷺ لەسەر لای ڕاست ی ئەخەوت.

— نمونەی مەرفوع ی اقرار ئەوەیە کەجابر ئەفەرموێت :

كنا نعزل والقران ينزل.

ئێمە عەزلمان ئەکرد ئاوی مەنی یمان نەئەکردە ناو ئەندامی زاوزێی هاوسەرەکانمان قورئانیش دائەبەزی (مەنع ی لێ نەئەکردین واتا اقراری بەوکارە کرد) کەواتا نەهاتنی وەحی لەسەر ڕێگری کردن لەوکارە وبێدەنگ بوون لەسەری پێی ئەوترێ دانپێنان یان اقرار پێکردن.

ئەمانە هەمووی ئەبێتە فەرموودەی مەرفوع واتا ئەدرێتە پاڵ وتە وکردار وڕازیبون پێغەمبەر ﷺ.

— نمونە لەمەرفوع ی خەلق ی پێغەمبەر ﷺ : ئەوەیە کەئەنەس ی کوڕی مالک فەرموویەتی (پێغەمبەر ﷺ کەسێک بووە نەدرێژ بوە نەباڵا کورت بووە) ئەمە درایە پاڵ شێوەی خەلق ی پێغەمبەر ﷺ.

— یان مەرفوع ی ڕەوشت ی پێغەمبەر ﷺ : کەدایکە عائشە ئەفەرموێ :

كان خلقه القران.

ڕەوشت ی پێغەمبەر ﷺ قورئان بوو.

کەواتا ئێستا تێگەشتیت هەرشتێک بدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ لەڕەوشت وخەلق و قسە و کردار و ڕازی بوون ی ئەمە ناوئەنرێت چی ؟ ناوئەنرێت حەدیث ی مەرفوع واتا بەرزکراوەتەوە ودراوتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ.

بەڵام ئەوەی ئەدرێتە پاڵ هاوەڵانەوە لەوتەوکردار پێی ئەوترێ (مەوقوف).

بۆنمونە :

— مەوقوف ی وتە : ئەوەیە کەئەوترێ ابوبکری صدیق وای فەرموو ئیمام ی عمر وای فەرموو.

— مەوقوف ی کرداری : ئەوەیە بۆنمونە ئەوترێ ئیمام علی عوثمان ئاوای کرد ئیمام ابوبکر ئاوای کرد ...هتد.

ئایا ئەوەی ئەدرێتە پاڵ هاوەڵان حوکم ـی حەدیث ـی مەرفوع وەرئەگرن ؟

وەڵام ئەمە دووجۆرە :

١ - جۆرێکی حوکم ی مەرفوع وەرئەگرن.

٢ - جۆرێکی حوکم ی مەرفوع وەرناگرێت لەسەر هاوەڵەکە ئەوەستێت پێی ئەوترێ مەوقوف.

ئەو ئەثەرەی لەهاوەڵێکەوە ئەگێڕدرێتەوە گەرباسی شتێک بکات یان کردارێک بکات کەئەوشتە بەاجتهادی مرۆڤ درکی پێ نەکرێت ومەجال ی بۆچون ی مرۆڤی تێدانەبێت بۆنمونە هاوەڵێک باسی نیشانەکان قیامەت و باسی ساحەی مەحشەر وبەهەشت ودۆزەخ ئەکات ئەم شتانە تەنها بەوەحی ئەزانرێت مرۆڤ بەهەوڵ وکۆشش وبۆچون وئەقڵی خۆی ناتوانێت پێی بگات لەم کاتەدا ئەڵێین وتەی ئەم هاوەڵە حوکمی مەرفوع ی هەیە واتا ئیلا لەپێغەمبەرەوە بیستویەت ی ﷺ یان هاوەڵێک بڵێت ئەم کارە لەسونەتە ئەمە حوکم ی مەرفوع وەرئەگرێت واتا هەرشتێک مەجال ی اجتهاد و بۆچون ی مرۆڤ نەبێت ئەوە حوکمی حەدیث ی مەرفوع ی هەیە.

بەڵام گەر لەوبابەتانە بێت کە مەجال ی اجتهادە یان لەاسرائیلیات ریوایەت ی کردبێت ئەوە حوکم ی مەرفوع ی پێ نادرێت.

بەهەمان شێوە گەر شتێک بدرێتە پاڵ سەردەم ی پێغەمبەر ﷺ ئەمە

حوکم ی مەرفوع وەرئەگرێت وەک ئەوەی اسماء ی کچی ابو بکر فەرمویەت ی :

نحرنا في عهد النبي صلى الله عليه وسلم فرسا بالمدينة واكلناه.

لەسەردەم ی پێغەمبەر ﷺ ئەسپێکمان سەربڕی لەمەدینە خواردمان.

لێرەدا ئاماژەی نەیاوە بەوەی پێغەمبەر ﷺ بەوشتە ئاگاداربوە ئەگەر ئاماژەی پێ بایە ئەبوو بەمەرفوع ی صەریح بەڵام کەبەم شێوازە باسی کردووە ئەبێت بەمەرفوعی حوکمی.

هەنێ لەزانایان ئەفەرموون ئەمە پێی ناوترێ مەرفوع بەڵکو پێی ئەوترێ بەڵگە بۆیە مەرفوع نیە چونکە ئاماژەی ئەوەی تێدانیە پێغەمبەر ﷺ پێی ئاگاداربوبێت بەڵام بەحوجە دائەنرێت چونکە الله تعالى پێی ئاگاداربووە لەگەڵ ئەوەشدا حەرامی نەکردوە بۆیە ئەمە ئەبێت بەبەڵگە چونکە الله تعالى پێی ئاگاداربوە وحەرام ی نەکردووە.

یان تابعیەک بڵێت فڵان هاوەڵان بەمەرفوع ی وای فەرموو ئەمە پێی ئەوترێ مەرفوع ی حوکم ی چونکە نسبەتەکەی نەیاوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ.

بەڵام گەر وتەکە بگەڕێتەوە بۆتابعی ئەوەپێی ئەوترێ مەقطوع

جا لە وتە یان بێت یان لەکردار.

بۆنمونە :

ئەوترێ سعیدی کوڕی مسیب وای فەرموو یان وای کرد.

مقطوع سیفەتە بۆ مەتن واتا خاوەن ئەم مەتنە تابعی یە واتا ئەوەی ئەدرێتە پاڵ تابعیەوە پێی ئەوترێ مەقطوع (ئەکرێت سەنەدەکەی صحیح بێت یان ضعیف بێت).

بەڵام منقطع سیفەتە بۆ سەنەدەکە پچڕانی تێدایە ومتصل نیە.

وانەی سێهەم

3

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی سێهەم

٨- وَالمُسْنَدُ المتَّصِلُ الإسْنَاد مِنْ
رَاوِيهِ حَتَّى المُصْطَفى وَلَمْ يَبِنْ

٩- وَمَا بِسَمْعِ كُلِّ رَاوٍ يَتَّصِل
إسْنَادُهُ لِلْمُصْطَفَى فَالْمُتَّصِل

موسنەد : بریتیە لەوەی پچڕان لەسەنەدەکەیدا نیە لەوکەسەی ئەیگێڕێتەوە تا ئەگات بەپێغەمبەر ﷺ بەبێ پچڕان.

ئەو گێڕانەوەی کەسی ڕاوی ئەیگێڕێتەوە بەشێوەی بیستن تائەگات بەپێغەمبەر ﷺ ئەوەش پێی ئەوترێ فەرموودەی متصل.

فەرموودەی موسنەد بریتیە لەوەی وەک ئیمام فەرمووی سەنەدەکەی بێ پچڕان متصل ـە تائەگات بەپێغەمبەر ﷺ.

کەواتا پێناسەی فەرموودەی موسنەد چیە؟

بریتیە لەوەی دوو مەرج ـی تێدا کۆئەبێتەوە :

١ – سەنەدەکەی متصل ـە (واتا پچڕانی تێدانیە).

٢ – بەرزکراوەتەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ.

— کەواتا گەر سەنەدەکە متصل بێت بەڵام بەرزنەکرابێتەوە بگات بەپێغەمبەر ﷺ مەوقوف بێت ئەوە ناوترێت موسنەدە.

— بەهەمان شێوە گەر فەرموودەکە مەرفوع بێت بەڵام سەنەدەکەی پچڕانی تێدابێت دیسان ناوترێت موسنەد تاهەردوو وەسفەکەی تێداکۆنەبێتەوە.

ئەمەش دیارترین پێناسەی فەرموودەی موسنەدە لەلای جمهوری زانایان ی فەرموودە ئەوەش پێناسەی دروستە کەئیمام ی بەیقونی باسیکردووە.

بەڵام هەیە لەزانایان موسنەدی داناوە بۆ هەر ڕیوایەتێ کەمتصل بێت ئەگەرچی مەرفوع یش نەبێت (واتا بەرزنەکرابێتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ) هەنێکی تریش پێی وایە ئەوەی مرفوع بێت بەموسنەد دائەنرێت ئەگەرچی متصل یش نەبێ.

پاشان مەرج نیە هەرفەرموودەیە موسنەدبێت واتا متصل بێت و مەرفوع بێت مانای ئەوەبێت کەصەحیح ـە نەخێر فەرموودەی موسنەد تێیدا صەحیحە تێیدایە ضعیف ـە چونکە جاری واهەیە سەنەدەکە

پچڕانی تێدانیە بەڵام لەناو سەنەدەکەدا کەسانێک هەن لاوازن یان مجهول ن کەواتا فەرموودەی موسنەد پێکهاتوە لەبوون ی ئەو دوومەرجە.

٩- وَمَا بِسَمْعِ كُلِّ رَاوٍ يَتَّصِلْ إِسْنَادُهُ لِلْمُصْطَفَى فَالْمُتَّصِلْ

پاشان کەفەرمووی فەرموودەی موسنەد بریتیە لەوەی متصل بێت.

ئایا متصل چیە ؟

ئیمام لێرەدا پێناسەی متصل ی بەوەکردوە کەدوومەرج ی تێدابێت :

١ - ئەوکەسەی ئەیگێڕێتەوە بەشێوەی بیستن وگوێگرتن لەکەسی سەروی خۆیەوە ئەیگێڕێتەوە وەک ئەوەی تابعیەکە گوێی لەهاوەڵەکە بوە بەوشێوە ڕیوایەتی ئەکات بۆنمونە ئەڵێت بیستم لەشێخەکەم بەم شێوەیە (ئەمە ڕوونتر ئەکەمەوە لەخوارووتر).

٢ - گێڕانەوەکە بەرزبکرێتەوە تائەگات بەپێغەمبەر ﷺ کەواتا لەسەر پێناسەکەی ئیمام ی بەیقوونی ڕیوایەتی مەوقوف (وتەی هاوەڵان)

ومقطوع (وتەی تابعی) بەمتصل دانانرێت چونکە مەرفوع نەکراوە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

لەپێناسەکەی ئیمام وادەرەکەوێت گەر کەسی ڕاووی (ئەوەی ئەیگێڕێتەوە) ئاماژە نەبێت بۆبیستن ی لەشێخەکەوە ئەوە بەمتصل دانانرێت بۆیە مەرجداری کردووە گێڕانەوەکە لەشێوەی بیستن بێت یان ئەوەی جێگەی بیستن ئەگرێتەوە چونکە جێگربون ی بیستن بەهێزترین شێوەیە.

بەڵام زانایان ی تر فەرموویانە متصل ئەوەیە سەنەدەکەی متصل بێت بەوەرگرتنی هەموو ڕاویەک لەسەرووی خۆیەوە تاکۆتای واتا سەنەدەکەی بێ پچڕان بگات بەکەسی کۆتایی جاکەسی کۆتایی پێغەمبەر ﷺ (واتا مەرفوع بێت) یان مەوقوف بێت لەسەر هاوەڵێک یان مقطوع بێت لەسەر تابعیەک بەشێوەی بیستن بێت یان بەغەیری بیستن گرنگ متصل بێت (ئەوترێ ئەمە متصل ـە بۆ فلاّن کەس).

لەسەر پێناسەی ئەم زانایانە متصل مرفوع ومەوقوف ومەقطوع ئەگرێتەوە وە گێڕانەوەکە بەشێوەی ئاماژەکردن بێت بۆ بیستن لەشێخەکەوە یاخود بەشێوەی خوێندنەوەی بێت لەلای مامۆستاکەی یان جگە لەوە لەڕێگا پەسەندکراوەکان ی تری وەرگرتنی فەرموودە

بێت ئەوە متصلە واتا هەر سەنەدێک پچڕانی تێدانەبێت بەمتصل دائەنرێت.

بەڵام ئایا بۆ متصل بوون ی سەنەد کراوە بەمەرج کەسی ڕاوی گەشتبێت بەوکەسەی لێوەی ڕیوایەت ئەکات یان ئەوەندە بەسە کەلەیەک سەردەمدا ژیاون ؟

ئەمە دابەش ئەبێت بۆسێ خاڵ :

١ – ئاماژە بکات بەبیستن لەفلان شێخ کەڕیوایەتی لێوە گێڕاوەتەوە.

٢ – چەسپابێت شێخەکەی بینیوە بەبێ بیستن لێوەی.

٣ – هاوسەردەم ی یەکتربوون بەڵام نەسەلمابێت یەکتریان بینی بێت.

— جائەگەر جێگیربوو لەشێخەکەی فەرموودەکەی بیستوە وەک ئەوەی بڵێت بیستم لەشێخەکەم یان شێخەکەم پێی وتم ئەمە لێرەدا متصل بوونێکی ڕوونە.

— بەڵام گەر چەسپابێت فلان شێخی بینیوە بەڵام نەسەلماوە شتی لێ بیستبێت بۆنمونە ئەڵێت شێخ فلان ئاوای وت نالێت بیستم یان پێی وتم بەڵام سەلماوە کەبەیەکتر گەیشتون.

لێرەدا مادام جێگیربوە ئەم کەسە گەیشتوە بەفلان شێخ ی بەڵام ئاماژەی بەوەنەیاوە خۆی ڕاستەوخۆ بیستویەتی لێوەی دیسان

بەمتصل دائەنرێت چونکە مادام ئەم کەسە واڕیوایەتەکەی گێڕاوەتەوە لەفڵان شێخ ئەم کەسە خۆی کەسێکی عەدل ـە ئەوە قسەیەک نایاتە پاڵ کەسێک ئیلا لەوکەسە ئەوقسەی بیستوە.

— بەڵام گەر لەیەک سەردەم ژیابن بەڵام نەچەسپاوە بەیەکتر گەشتبن ئایا گەر ڕیوایەت بکات لێوەی لەم باردۆخە بەمتصل دائەنرێت ؟

ئیمام ی بوخاری ئەفەرموێت : بەمتصل دانانرێت تا جێگیرئەبێت بەیەکتری گەیشتون.
بەڵام ئیمام ی مسلم ئەفەرموێت : بەمتصل دائەنرێت چونکە مادام لەیەک سەردەم ژیاون وڕیوایەتەکەی یاوەتە پاڵ فلاَن شێخ ئەوە ئەصل بریتیە لەوەی خۆی گوێی لێ بوە.
— بەڵام وتەی بخاری ڕاسترە کەپێویستە چەسپابێت کەسی ڕاوی گەیشتوە بەفلاَن شێخ کەڕیوایەتەکەی لەوەوە گێڕاوەتەوە هەربۆیە صەحیح ی بوخاری بەهێزترە لەمسلم چونکە ئیمام ی بوخاری مەرج ی سەلماندنی بەیەکتر گەیشتن ی داناوە بەڵام ئیمام ی مسلم بەمەرج ی دانەناوە.

بەڵام هەنێکی تر توندترن ئەفەرموون تەنها بەیەکتر گەیشتن نایکات بەمتصل بەڵکو ئەبێت جێگیربوبێ ئەوفەرموودەیەی لەفلاَن شێخ بیستوە.

مەرج نیە بۆ متصل بوون بسەلمێنرێت ئەو فەرموودەیەی بەدیاریکراوی بیستوە لەشێخەکەی ئیلا مەگەر کاتێک چەسپابێت کەتەنها یەک فەرموودەی لەوشێخە بیستوە جگە لەوفەرموودە هەرشتێ تری لێوە بگێڕێتەوە بەمتصل دانانرێت.

وەک وتراوە حسن ی بصری یەک فەرموودەی لەسمرة ی کوڕی جندب بیستوە لەبارەی عەقیقە بۆیە لەسەر ئەوبنەمایە گەر حسن ی بصڕی ڕیوایەت ی تر بکات لەسمرەی کوڕی جندب بەمتصل دانانرێت.

بەڵام هەنێ زانا ئەفەرموون دیاریکردن ی ئەمە قورسە گریمان حسن تەنها ئەوفەرموودەیەی لەسمرە بیستوە ئەوە ئەڵێین گەر ئەم فەرموودەی لەسمرە گێڕابێتەوە دوای مردن ی سمرە ئەوە ئەڵێین ناکرێ لەدوای مردن فەرموودەی تری لەسمرە بیستبێت بەڵام گەر سمرە لەژیان بوبێت حسن وتبێتێ من تەنها ئەو فەرموودەیەم لەسمرە بیستوە بەڵام ئەکرێت دوای گێڕانەوەی ئەو فەرمووده فەرموودەی تری لەسمرە بیستبێت.

وانەی چوارەم

4

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی چوارەم

١٠- مُسَلْسَلٌ قُلْ مَا عَلَى وَصْـفٍ أَتَى
مِـثْـلُ أَمَا وَاللهِ أَنْـبَانِـي الْفَـتَى

١١- كَـذَاكَ قَـدْ حَـدَّثَـنِيـهِ قَائمـاً
أَوْ بَعْدَ أَنْ حَـدَّثَـنِي تَـبَـسَّـما

١٢- عَزِيـزُ مَـرْوِي اثْـنَـيْنِ أَوْ ثَـلاثَهْ
مَشْهُورُ مَـرْوِي فَـوْقَ مَا ثَـلاثَـهْ

بڵێ موسەلسەل ئەوەیە کەلەسەر وەسفێک هاتوە وەک ئەوەی ئەڵێت والله فلان کەس پێی وتم یان کاتێک کەبۆی گێڕامەوە بەپێوە ڕاوەستابوو یان دوای ئەوەی کەبۆی گێڕامەوە زەردەخەنەی کرد.

فەرموودەی عزیز ئـەوەیە دووکەس یان سێ کەس ڕیوایەتیان کردووە ئەوەشی لەسەرووی سێ کەسەوە ڕیوایەتـیان کردووە پێی ئـــەوترێ

مشهور.

ئیمام لێرەدا باسی فەرموودەی موسەلسەل ئەکات واتای ئەم جۆرە بریتیە لەوەی سیفەتێک لەهەموو چینەکان ی سەنەدا دووبارە ئەبێتەوە جائەو سیفەتە وتە بێت یان بەشێوەی کردار بێت.

وەک ئەوەی :

— هەموو کەسەکانی سەندەکە ئەڵێن فلان هەواڵی یامێ هەتا کۆتای سەنەدەکە هەموویان ئەم دەستەواژەیە دووبارە ئەکەنەوە.

— یان کەسی ڕاوی ئەڵێت فلان کەس بەپێوە پێی وتم هەتا دووای هەموویان ئەڵێن فلان کەس بەپێوە پێی وتم لەفلان کەسەوە بەپێیوە پێی وت.

سودەکەی :

بریتیە لەدڵنیابونەوە لەاتصال ی ڕاویەکان بەتایبەت ئەگەر بەوشەی بیستم یان پێی وتم بۆیە ئیمام لەدوای باسکردن ی فەرموودەی متصل باسی فەرموودەی مسلسل ئەکات.

بۆجوانتر تێگەشتن لەوەی فەرموودەی مسلسل چیە چەند نمونەیەک باس

ئەکەین :

وەک وتمان بریتیە لەو فەرموودەی کەسی ڕاوی بەوەصفێک ئەیگێڕێتەوە وەکچۆن لەوکەسەی گوێی لێ بوە ئەوکەسەش بەهەمان شێواز لەکەسی سەرووی خۆی بەوشێوازە گوێی لێ بووە تا ئەگاتەوە بەصەحابەکە ئەویش بەوشێوە گێڕاویەتیەوە کەلەپێغەمبەری بینیوە ﷺ.

نمونـەش لەسەر ئەمـە :

فەرموودەکەی موعاذی کوڕی جەبەل ـە کەپێغەمبەر ﷺ فـەرمووی :

انی احبک فلا تدعن ان تقول دبر کل صلاة اللهم اعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك.

بەڕاستی من خۆشم ئەوێی بۆیە لەپاش هەموو نوێژێک ئەمە بڵێ اللهم اعني على ذكرک وشكرک وحسن عبادتک.

هەربۆیە کاتێ موعاذ ئەمەی گێڕاوەتەوە بۆتابعیەکە وتویەتی من خۆشم ئەوێی لەپاش هەموو نوێژێک ئەم زیکرە بڵێ کەسی تابعی کەئەم فەرموودەی گێڕاویەتیەوە بەوکەسەی وتوە من تۆم خۆشەوێ هەتـا کۆتا کەس هەموویان ئەوخۆشەویستیەیان دەربڕیوەبۆکەسی دوواتر.

ئەمە پێی ئەوترێ مسلسل ی وتەیی کەهەموو ڕاویەکان ئەو وتەیەیان دووبارە کردۆتەوە.

هەروەها نمونەی مسلسل ی کرداری ئیمام ی احمد ڕیوایەت ی کردووە لەحمرانەوە :

كنا عند عثمان بن عفان –رضي الله عنه– فدعا بماء فلما فرغ من وضوئه تبسم فقال هل تدرون مم ضحكت؟

ئێمە لەلای عوسمان ی کوڕی عەفان بووین داوای ئاوی کرد بۆ دەست نوێژگرتن کەلەدەست نوێژگرتن لێ بوویەوە زەردەخەنەیەکی کرد وفەرمووی ئەزانن بۆ پێکەنیم؟ فەرمووی پێغەمبەر ﷺ دەست نوێژی هەڵگرت وەکچۆن من دەستنوێژم هەڵگرت پاشان زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی ئەزانن بۆچی پێکەنیم؟ ئێمەش وتمان الله تعالى وپێغەمبەرەکەی باشتر ئەزانن پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :

إن العبد إذا توضأ فأتم وضوءه ثم دخل في صلاته فأتم صلاته خرج من صلاته كما خرج من بطن أمه من الذنوب.

بەندە کەبەجوانی وکامڵ ی دەستنوێژی هەڵگرت پاشان دەست ی بەنوێژکرد بەڕێکوپێکی کرد کاتێک لەنوێژەکەی دەرەچێت وەک ئەوکاتەیە کەلەسکی دایکی دەرچوبێت ئاوا لەگوناهەکانی پاک ئەبێتەوە.

ئەبینین ئیمام عوثمان لەگەڵ گێڕانەوەی فەرموودەکە وێنای پێکەنین وشێوەی زەردەخەنەکەی کرد وەکچۆن پێغەمبەر ﷺ کردی ئەوانەی دوواتر کەگێڕاویانەتەوە بەهەمان شێوەی ئیمام ی عثمان دەست

نوێژیان هەڵگرتوە وپێکەنیون وتویانە ئایا ئەزانن بۆچی پێکەنیم ...هتد واتا هەموو ڕاویەکان بەو شێواز وسیفەتە فەرموودەکە ئەگێڕنەوە.

یان بۆنمونە :

ئەڵێت لەکاتی نان خواردن شێخەکەم بۆی باسکردم کەسی خوار ئەمە لەکاتی نان خواردن ئەیگێڕێتەوە ئەڵێت شێخەکەم لەکاتی نان خواردن بۆی باسکردم بەهەمان شێوە تائەگات بەچینەکانی خواروتر لەسەر هەمان وەسف فەرموودەکە ئەگێڕنەوە کەدەستاو دەست بەوشێوە باسکراوە یان بەشێوەی ئەوەی ئیمام باسیکرد ئەڵێت والله فلان کەس پێی وتم یان کاتێک بۆی گێڕامەوە پێکەنی یان بەپێوە ڕاوەستا بۆی گێڕامەوە چونکە کاتێک شێخەکەی بۆئەمی گێڕاوەتەوە بەپێوە ڕاوەستاوە شێخی شێخەکەشی بەهەمان شێوە بەپێوە گێڕاویەتیەوە تائەگاتە هاوەڵەکە وتائەگات بەپێغەمبەر ﷺ هەمووی لەسەر یەک وەسف وحاڵەت ئەیگێڕنەوە.

نمونەیەکی تر :

ئەوپیاوەی کەلەڕەمەزاندا جیماع ی لەگەڵ هاوسەرەکەی کرد کەهات بۆلای پێغەمبەر ﷺ وتی والله لەمن هەژارتر ودەست کورتر نیە لەمەدینە ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ پێ کەنی تادانەکانی پشتەوەی دەرکەوت هەموو ئەوانەی کەئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە کەگەشتون بەوبڕگەیە پێکەنیون تا دانەکانی پشتەوەیان دەرکەوتوە.

کەواتا مسلسل : بـریتیـە لەوێناکردنی گێڕانەوەی فەرموودەکە وەک نواندنی ڕووداوەکە چۆن ڕووی یاوە هەموو ڕاویـەکان بەوشێوە ئەیگێڕنەوە.

تێبین ـی :

مەرج نیە هەموو مسلسل ێک متصل بێت ومەرجیش نیە هەموو متصل ێک مسلسل بێت.

بەڵکو مسلسل ی متصل بریتیە لەوەی سیفەت وشێوەیەکی هەبێت کەبەڵگە بێت لەسەر اتصال بوون ی سەنەد هەنێ جار سەنەدەکە بەعەن عەنە دێت واتا عن فلان یان ئەڵێت قال فلان ئەمەش مەرج نیە هەمووکات متصل بێت بەتایبەت گەر کەسەکێک هەبێت لەزنجیرە سەنەدەکە بەتەدلیس ناسرابێت (لەزنجیرەکان دوواتر زیاترباسی تەدلیس ئەکەین).

تائیرە

١٢- عَـزِيزُ مَـرْوِي اثْـنَـيْـنِ أَوْ ثَـلاَثَـهْ

مَشْهُــورُ مَـرْوِي فَــوْقَ مَا ثَـلاَثَـهْ

فەرموودەی عزیز ئەوەیە دووکەس یان سێ کەس ڕیوایەتیان کردووە ئەوەشی لەسەرووی ســێ کەسەوە ڕیوایەتیان کــردووە پێی ئەوترێ

مشهور.

کەواتـا لەسـەر پێناسـەی ئیمام ی بەیقوونی فەرموودەی عەزیز بریتیە لەوەی دووکەس لەدووکەس یان سێ کەس سێ کەس گێڕاویانەتەوە تاکۆتای سـەنەدەکە.

پاشـان ئیمام بەمەرج ی دانەناوە عەزیز مەرفوع بێت کەواتا عەزیز مەوقوف ومەقطوع یش ئەگرێتەوە.

هۆکاری ناونانی بەعەزیز لەبەر ئەوەیە بەگێڕانەوەی کەسـی دووەم بەهێزتر ئەبێت چونکە کاتێک کەسێکی متمانە هەواڵێکت ئەیاتێ کەسێکی تریش لەئەهلی سیقە هەمان هەواڵت باتێ هەواڵەکە بەهێزترئەبێت.

ئیمام فەرمووی دووکەس یان سێ کەس ڕیوایەت ی بکەن کەواتا لەلای ئیمام ی بەیقوونی گەر سێ کەس لەسێ کەسەوە بیگێڕنەوە تاکۆتای سـەنەدەکە هەر بەعەزیز دائەنرێت.

— بەڵام لەلای بەشێکی ترلەزانایان عەزیز تەنهابەوە ئەوترێ دووکەس بیگێڕێتەوە.

مشهوریش : بریتیە لەوەی سێ کەس یان زیاتر بیگێڕنەوە.
بۆیـەئەم زانایانە وتویانە وتەی دروست ئەوەیە عەزیز بریتیە لەوەی دووکەس لەدووکەس بیگێڕنەوە تاکۆتایی سەنەدەکە نەک سێ کەس چونکە گەر سێ سێ گێڕابێتەوە بەمشهور دائەنرێت لەلای ئەم زانایانە.

سەبارەت بەوەی ئەگەر دووکەس بیگێڕنەوە لەیەک کەس پاشان دووکەس تر لەم یەک کەسە بیگێڕنەوە دوو دوو تاکۆتایی ئەوە ناونانرێت بەعەزیز چونکە مەرجێکی لەدەست یاوە لەچینێک لەچینەکانی سەنەدەکەی بۆیە هەرکات مەرجێک لەمەرجەکان لەچینێکدا لەدەست بات ئەوە لەوپێناسەیە دەرئەچێت.

زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە :

ئیمام ی ابن حجر رحمه الله تعالى بەمەرج ی داناوە بۆ وەسفکردن ی فەرموودەیەک بەعەزیز یان مشهور یان غەریب کەوەسفەکەی لەهەموو چینەکانی سەنەدەکە بەدی بکرێت ئەگەرلـەچینێکدا ژمارەی گێڕەوەکان لەچینێکدا زیادبکات ئەوە پشت بـەکەمترین ژمارە ئەبەسترێت.

بـۆنمونە :

گـەرلەسەنەدێکدا پێنج چین هەبێت لەچینی یـەکەم چوار گێڕەوە هەیـە فەرموودەکە ئەگێڕنەوە لەچـینـی دووەم دووکـەس هەیە ولەچینی

سێهەم سێ کەس ولەچینی چوارەم پێنج کەس ولەچینی پێنجەم یەک کەس ئێستا بەپێی ئەم زیاد وکەمە چی حوکمێک ئەدرێت بەسەریدا ؟ لەوەڵامدا ئەوترێ ئەمە فەرموودەیەکی غەریب ـە چونکە کەمترین ژمارەی گێڕەوەکان لەم سەنەدە بریتیە لەیەک کەس کەمترینەکە لێرەدا ئەبێت بەحوکم بۆسەری.

خۆگەر لەهەموو چینێکدا دووکەس بیگێڕنەوە لەچینێکی تردا چوار ئەوە ئەڵێین ئەمە عەزیزە بەپێی حوکم ی کەمترین چین لەڕووی ژمارەوە.

پاشان تێبینیەک هەیە ئەویش ئەوەیە :

کەبەسنوردارکراوی بوترێ ئەم فەرموودەیە لەچینێکدا مشهورە یان لەچینێک لەچینەکانیدا غەریب ـە یان عەزیزە.

بۆنمونە فەرموودەی انما الاعمال بالنيات :

ئەم فەرموودە لەچینی هاوەڵان وتابعین غەریب ـە چونکە لەچینی هاوەڵان تەنها ئیمام عمر باسیکردووە لەچینی تابعین تەنها علقمە ی کوڕی وقاص لەویشەوە تەنها محمدی کوڕی ابراهیم ی التیمی ڕیوایەتی کردوە لەویشەوە تەنها یەحیای کوڕی سەعید ئەمە تائێرە غەریب ـە.

بەڵام لەدووای یەحیای کوڕی سەعید کۆمەڵێک لەڕاویەکان گێڕاویانەتەوە کەزیاترە لەسەدکەس کەئەگاتە ڕێژەی تەواتر کەواتا ئەم فەرموودە لەهەنێ چین مەرج ی حەدیث غەریب ی هەیە ولەهەنێ چینی سەنەد گەشتۆتە مەرج ی مشهور وتەواتر بۆیە لەچینی هاوەڵان وتابعین غەریب بوو بەڵام چینی دوواتر گەشتە تەواتر.

پاشان فەرموودەی مشهور ئیمام بەیقوونی فەرمووی زیاد لەسێ کەس بیگێڕێتەوە واتا لەچوار بەرەو سەرەووە بەڵام زانایانی تر ئەفەرموون وتەی ڕاست ئەوەیە سێ بەرەوسەرەوە بەمشهور دائەنرێت.

پاشان مشهور بەسەر دوومانا دابەش ئەبێت :

١ – ئەوەی لەناوخەڵکیدا مەشهور وبڵاوبۆتەوە.

٢ – ئەوەی لەپێناسەی زانست ی فەرموودە پێی ئەوترێ مشهور.

ئەوەی لەناوخەڵکیدا مەشهورە دووجۆرە :

یەکەم : ئەوەی لەلای عەوامی خەڵک مەشهورە.

دووەم : ئەوەی لەلای ئەهلی علم مەشهورە.

ئەوەی لەناو خەڵکیدا مەشهورە بەپێوەر دانانرێت چونکە زۆرجار لەناو خەڵکیدا چەندان فەرموودە مەشهورن بەڵام ئەصلی نیە وهەڵبەستراوە

بۆنمونە :

حب الوطن من الايمان.

ئەمە لەناو خەڵکدا مەشهورە بەڵام هەڵبەستراو ودرۆیە بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ.

جۆری دووەم ئەوەی لەناو زانایان مەشهورە بۆنمونە :

ابغض الحلال عند الله الطلاق.

ئەمە ضعيف ـە کەچی لەناو فوقەهایان مشهور وبەربڵاوە.

— کەواتا ئەم مشهور بونە ئەوەنیە کەلەزانست ی فەرموودە باسکراوە کەبریتیە لەومەرجەی لەچینی گێڕەوەکان دا سەروو سێ کەس سێ کەس بیگێڕنەوە بەڵکو ئەوە مشهوربونێکی عورفیە نەک زانست ی.

پاشان فەرموودەی عەزیز یان مشهور مەرج نیە ئیلا صحيح بێت بەڵکو سەیری پیاوانی سەنەدەکە ئەکرێت گەر مەرجەکان ی صحيح بونیان تێدابوو ئەوە بەصحیح دائەنرێت.

وانەی پێنجەم

5

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی پێنجەم

١٣- مُعَنْعَنٌ كَعَنْ سَعِيدٍ عَنْ كَرَمْ
وَمُبْهَمٌ مَا فِيهِ رَاوٍ لَمْ يُسَمْ

١٤- وَكُلُّ مَا قَلَّتْ رِجَالُهُ عَلاَ
وَضِدُّهُ ذَاكَ الَّذِي قَدْ نَزَلاَ

موعەنعەن وەک ئەوەی ئەڵێت لەسەعیدەوە لە کەرەم ـەوە وە موبهەم بریتیە لەوەی گێڕەوەیەکی تێدایە لەسەنەدەکە ناوی باسنەکراوە.

هەرفەرموودەیە ژمارەی پیاوانی سەنەدەکەی کەم بێت ئەوە بەرزە (عالیە وەک ئەوەی ئەوتریێ ئەمە سەندی عالیە) وە پێچەوانەکەشی نزمە.

موعەنعەن چیە ؟

نمونەکەی بریتیە لەوەی (عن نافع عن ابن عمر) واتا بەشێوەی (عن)

ئەیگێڕێتەوە کەئیمام ی بەیقونی خۆشی نمونەی هێنایەوە وەک فەرمووی (عن سعید عن کرم).

ئایا چی کاتێک عن وەرئەگیرێت؟

کاتێک دووکەس لەیەک سەردەما بن.

بــەڵام ئەمە تەفصیل ـی تێدایە :

ئەمە پێشتر باسمان کرد کەئیمام ی بخاری بەمەرج ی داناوە ئەو دووکەسەی لەیەک سەردەم ژیاون بەیەکتر گەشتبن بەڵام ئیمام مسلم وتویەتی ئەوەندە بەسە لەیەک سەردەما بن وگریمانەی بەیەکترگەشتنیان لەئارادابێت.

ئیمام ی ابن حجر فەرموویەت ی : کاتێک دووکەس لەسەردەمێک ژیاون لەیەکتری ڕیوایەت بگێڕنەوە ئەوە بەبیستن دائەنرێت بەومەرجەی ئەوکەسەی عەنعەنە ئەکات کەسێکی مدەلس نەبێت وە وتراویشە مەرجە ئەگەر یەکجاریش بوبێت بەیەکتری گەیشت بن ئەمەش هەڵبژاردەی علی کوڕی مەدینی و وبوخاری وجگەلەوانیشە.

— کەواتا حوکم ی (عن عن ـ لەکەسی هاوسەردەم ی یەکتر) حوکم ی متصل ی هەیە بەومەرجەی کەسەکە مدەلس نەبێ (دوواتر باسی تەدلیس ئەکەین) بەڵام گەر کەسێکی تەدلیسچی بەعن عن ڕیوایەتی گێڕایەوە ئەوە بەمتصل دانانرێت چـونکە کەسی تەدلیسکار ڕاوی نێوان

خۆی وکەسی دوواترئەشارێتەوە چونکە ئەو ڕاویەی شاردراوەتەوە ئەکرێت کەسێکی لاوازبێت لەڕیوایەت یان لەدین بۆیە ئەیشارێتەوە تا سەنەدی فەرموودەکە بەهێز دەربکەوێت.

پــاشان ئیمام فەرمووی موبهەم (نەزانراو) بریتیە لەوەی نەزانراو ئەکەوێتە ناو سەنەد وناو مەتن یشەوە.

لەسەنەددا ئەوەیە :

لەسەنەدەکان کەسێک هەیە نەزانراوە کێیە ناوی بەڕوونی نەهاتوە وەک ئەوەی بڵێ (حدثنی رجل) پیاوێک پێی وتم یان بڵێت (عن شیخ) لەشێخەکەمەوە یان بڵێت (حدثنی ثقة) کەسێ جێگەی متمانە پێی وتم لێرەدا نازانرێت شێخەکەت کێیە ونازانرێ ئەو پیاوە کێیە ونازانرێت ئەو کەسەی لای تۆ سیقەیە کێیە.

— بۆیە ئەمە پێی ئەوترێ موبهەم لەسەنەد.

جۆری دووەم موبهەم لەمەتن :

وەک ئەوەی :

جاء رجل الی رسول الله فقال كذا وكذا.

پیاوێک هات بۆلای پێغەمبەر ﷺ ئاواو ئاوای وت.

لێرەدا پیاوەکە نەزانراوە کێیە بەڵام لەمەتندا زیانی نیە کەموبهەم هەبێت

هیچ کاریگەری ناکاتە سەر صحیح بون وضعیف بونی فەرموودە بەڵام ناسینی پیاوەکە سودی هەیە لەبواری فقهدا.

— بەڵام موبهەم لەسەنەد فەرموودەی وەرناگیرێت تانەزانرێت ئەوکەسە نەزانراوە کێیە تەنها موبهەم ی هاوەڵان لەسەند وەرئەگیرێت چونکە نەزانینی ناوی هاوەڵ زیان هیچ زیانێکی نیە لەبەرئەوەی هەموویان عەدل وضبطن وبەشاهێدی دەیان ئایەت لەسەر ئەمانپەرێزی وڕاستگۆیان.

پاشان فەرمووی هەر سەنەدێک ژمارەی پیاوەکانی کەم بێت ئەوە بەرزە بەپێچەوانەشەوە نزم ـە.

بەرزی سەنەد ونزم بوون ـی :

بەرزبوون دووبەشە :

ـ جۆری یەکەم :

بەرزی ژمارە کەبریتیە لەوەی ژمارەی پیاوانی سەنەدەکە کەمتربێت هەرسەنەدێ ژمارەی پیاوانی کەمتربێت ئەوە سەنەدێکی بەرزی هەیە خۆگەر ژمارەی پیاوانی سەنەد زیاتربێت ئەوە سەنەدێکی نزم ـە چونکە تاژمارەی پیاوانی سەنەد کەمتربێت ئەوە نێوەندگیرلەنێوان ڕاوی و پێغەمبەر ﷺ کەمترە تاژمارەی پیاوان کەمتربێت گریمانەی لاوازبون وهەڵەکردن کەمترئەبێت.

بۆنمونە :

گەر زەید بیگێڕێتەوە لەعەمر ئەویش لەبەکر ئەوە گریمانەی هەڵە لەم سێ کەسە ئەکرێ بەتەنها بەڵام گەر زید لەعەمر لە بەکر لەخالد لەسوفیان بیگێڕێتەوە لێرەدا بوو بەپێنج گریمانەی زیاتر بۆیە تاگریمانەی هەڵەکردن کەمتربێت نزیکترە لەقبوڵکردنەوە.

بۆیە گەر فەرموودەیەک بەسەنەدێک هاتبێت پیاوانی سەنەدەکە پێنج کەس بن بەڵام لەڕێگەیەکی ترەوە هاتبێت پیاوانی سەنەدەکە سێ کەس بن ئەوە ئەم جۆرەیان سەنەدی عالی یە بەڵام جۆری یەکەمیان سەنەدی نازل ـە.

بەڵام ئایا مەرجە هەر سەنەدێ عالی بێت صحیح تربێت لەو سەنەدەی کەنازلـە ؟

ئەڵێین نەخێر چونکە ئەکرێ ئەو ژمارە کەمەی ڕیوایەتەکەیان گێڕاوەتەوە لەسەنەدی عالی کەسی ضعیف یان تێدابێت بەڵام سەنەدی نازل پیاوەکانی صحیح بن بۆیە مەرج نیە کەسەنەد عالی بێت صحیح تربێت لەنازل چونکە ڕەچاوی حاڵی پیاوانی سەنەد ئەکرێت.

– جۆری دووەم :

بەرزی سیفەت ئەمەش بەوەئەبێت پیاوانی سەنەدەکە چەسپاوتربن لەڕووانگەی لەبەرکردن و عەدل بونەوە لەچاو پیاوانی سەنەدەکەی تر.

بۆنمـونە :

فەرموودەیەک ڕیوایەت کراوە پیاوانی سەنەدەکەی سێ کەسن بەڕێگەیەکی تریش هەمان فەرموودە ڕیوایەتکراوە پیاوەکانی سەنەدەکەی سێ کەسن بەڵام پیاوانی سەنەدی یەکەم لاوازترن لەچاو پیاوانی سەنەدی دووەم لەڕووانگەی عەدالەت و لەبەرکردنەوە بۆیە سەنەدی دووەم بەهێزتر وبەرزترە لەسەنەدی یەکەم گەرچی لەژمارەشدا وەکویەکن.

بۆیە گەر فەرموودەیە ڕیوایەتکرا لەسەنەدێکدا چوارکەسی تێدابوو بەڵام بەڕێگەیەکی تر ڕیوایەتکرا سێ کەس لەسەنەدەکەدا بوو بەڵام پیاوانی سەنەدی یەکەم بەهێزتربون لەسیفەتەکاندا ئەوە سەنەدی یەکەم بەبەرزتر دائەنرێت لەڕووانگەی حاڵی ڕاویەکانی بەڵام سەنەدی دووەم عالی ترە لەڕووی کەمی ژمارەی ڕاویەکان ی جالەم دووحاڵەتەدا کام بەرزبوون پێش ئەخرێت ؟

— ئەڵێین بەرزی سیفەت پێش ئەخرێت چونکە بەرزی لەسیفەتدا اعتمادی لەسەر ئەکرێت بۆصەحیح بون ی حەدیث.

کەواتا بەرزی دووچینە :

— بەرزی لەڕووی ژمارە کەتاژمارەی پیاوانی سەنەد کەمتر بێت سەنەدەکە عالی ترە.

— بەرزی سیفەت کەحاڵی پیاوانی سەنەدەک بەهێزتر وچەسپاوترە لەڕووانگەی عەدالەت وحفظ وضبطەوە.

وانەی شەشەم

6

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی شەشەم

١٥- وَمَـا أَضَفْتَهُ إِلَى الأَصْحَابِ مِنْ
قَوْلٍ وَفِعْلٍ فَهْوَمَوْقُوفٌ زُكِنْ

١٦- وَمُرْسَلٌ مِنْهُ الصّحَابِيُّ سَقَطْ
وَقُلْ غَرِيبٌ مَا رَوَى رَاوٍ فَقَطْ

١٧- وَكُلُّ مَا لَمْ يَتَّصِلْ بِحَالِ
إِسنَادُهُ مُنْقَطِعُ الأَوْصَالِ

١٨- والمُعْضَل الساقِط مِنه اثنانِ

هەر قسەوکردارێک کەسی ڕاوی ئەیاتە پاڵ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بەمەوقوف دائەنرێ.

مورەسەلیش ئەوەیە لەسەنەدەکەیدا هاوەڵەکەی تێدا نیە وپەکخراوە

تابعیەکە ڕاستەوخۆ ئەیگێڕێتەوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ.
بڵێ فەرموودەی غەریب ئەوەیە کەتەنها یەک ڕاوی گێڕاویەتیەوە.
هەرسەنەدێکیش کەپێکەوە نەبەسترابێت متصل نەبێت ئەوە پێی ئەوترێ مونقەطع.
موعضەلیش ئەوەیە کەدووکەس لەسەنەدەکەیدا نیە.

وەک پێشتر باسمان کرد هەر وتەیەک یان کردارێک بدرێتە پاڵ هاوەڵێک پێی ئەوترێ مەوقوف.

کەواتا گەر لێیان پرسیت مەوقوف چیە تۆ چۆن وەڵام ئەیەیتەوە؟

ئەڵێی بریتیە لەهەر وتەو کردارێک درابێتە پاڵ هاوەڵان.

پێناسەی هاوەڵ چیە وکێ ئەگرێتەوە ؟

بریتیە لەهەرکەسێک گەشتوە بەپێغەمبەر ﷺ ئیمان ی پێ هێناوە لەسەر ئەو ئیمانەش مردووە ئەگەرچی بەیەکتر گەشتنەکەی بەپێغەمبەر ﷺ چرکەیەکیش بێ مادام بڕوای پێ هێناوە وپێی گەیشتوە لەسەر ئیمان مردووە ئەوە بەصحابە دائەنرێت ئەگەرچی لەونێوانەدا مورتەدیش بوبێتەوە بەڵام دوواتر بوبێتەوە بەموسڵمان ولەسەر ئیسلام مردبێ.

کەواتا هەرشتێک گەڕێنرایەوە بۆ وتەو کاری هاوەڵان پێی ئەووترێ مەوقوف.

بەڵام پێشتر ڕوونمان کردەوە هەنێجار وتەی هاوەڵ یان کرداری هاوەڵ حوکم ی مەرفوع ی هەیە (واتا حوکمی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ) ئەمەش وتمان ئەوبابەتانەی هاوەڵێک ئەیگێڕێتەوە کەمەجالی اجتهادی تێدانیە وبابەتەکە تەنها بەوەحی وبەشەرع ئەزانرێت وەک نمونەی باسی ڕووداوەکانی داهاتوو ونیشانەکانی قیامەت وبەهەشت ودۆزەخ کاتێک هاوەڵێک باسی شتێک لەوباسانە ئەکات کەتەنها بەوەحی ئەزانرێت ئەمە حوکمی فەرموودەی هەیە واتا حوکمی مەرفوع.

پاشـان ئیمام فـەرمووی :

١٦- وَمُـرْسَلٌ مِـنْهُ الصِّـحَابِــيُّ سَقَـطْ

مورسەل بریتیە لەوەی هاوەڵـەکەی تێدانیە پچڕان هەیە لەنێوان تابعی و پێغەمبەر ﷺ دیارنیە تابعیەکە ئەو فەرموودەیەی لەکێ وەرگرتوە.

ئیمام أبو عبد الله الحاكم رحمه الله ئەفەرموێت :

مشايخ الحديث لم يختلفوا في أن الحديث المرسل هو الذي يرويه المحدّث بأسانيد متصلة إلى التابعي فيقول التابعي قال رسول الله

صلى الله عليه وسلـم.

زانایان ی فەرموودە هیچ ڕاجیاوازیەکیان نیە کەفەرموودەی مورسەل ئەوەیە کەبەسەنەدێکی بەیەکتر بەستراو ئەیگێڕێتەوە تاوەکو ئەگات بەتابعی تابعیەکەش ئەڵێت پێغەمبەر ﷺ فـەرمووی. [معرفة علوم الحديث (67)]

ئیمام ی شەوکانی فەرموویەت ی : جمهوری ئەهلی ئصول وتویانە مورسەل وتەی ئەوکەسەیە کەنەگەشتوە بەپێغەمبەر ﷺ ئەڵێت پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی جایەکسانە ئەوکەسە لەتابعی بێت یان لەتابعی تابعین بێت. [إرشاد الفحول (119)]

فەرموودەی مورسەل لەبەشەکانی فەرموودەی ضعیف ـە چونکە نێوان پێغەمبەر ﷺ وتابعیەکە نادیارە.

ئیمام ی مسلم رحمه الله لەمقدمة ی صحیحەکەیدا فەرموویەت ی : مورسەل لەوتەی ئێمە وزانایان بەحوجە دانانرێت.

ابن أبي حاتم رحمه الله تعالى فەرموویەتی : بیستومە لەباوکم ابو زورعە فەرموویانە :

لايحتج بالمراسيل ولاتقوم الحجة الا بالاسانيد الصحاح المتصلة وكذا اقول انا.

بەمورسەلەکان بەڵگەناهێنرێتەوە وەجێگیر نابێت بەبەڵگە ئیلا سەنەدی صەحیح و بەیەکەوە بەستراو (متصل نەبێت) منیش هەمان شت ئەڵێمەوە.

بەڵام ابن رجب رحمه الله تعالی ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری لەسەر ئەمە یاوە فەرموویەت ی :

فإذا عضد ذلك المرسل قرائن تدل على أن له أصلا قوي الظن بصحة ما دل عليه فاحتج به مع ما احتف به من القرائن وهذا هو التحقيق في الاحتجاج بالمرسل عند الأئمة كالشافعي وأحمد وغيرهما.

ئەگەر ئەوفەرموودە مورسەلە بەڵگە وئاماژەی تر هاتبێ پاڵپشتی بکات بەڵگەبێت لەسەر ئەوەی ئەصلێکی هەیە گومان بەهێزتربکات لەسەر صەحیح بون ی ئەوە بەڵگەی پێ ئەهێنرێتەوە لەگەڵ ئەو ئاماژە وقەرینانەی تر کەلەدەوری ئەو فەرموودەیە هاتوە ئەمەش بریتیە لەو تەحقیقەی کەکراوە بۆبەڵگەهێنانەوە بەمورسەل وەک لای پێشەوایانی وەک ئیمام ی شافعی واحمد وجگە لەوانەوە هاتوە.

ابن جرير وجگە لەویش وتویانە بەڕەهایی وتنی ئەوەی مورسەل بەبەڵگە دانانرێت بەبێ تەفصیل پێدان بیدعەیەکە لەدووای دووسەدەوە پەیدا بوو. [شرح علل الترمذي (1/ 543)]

هەربۆیە ئیمام ی نەوەوی فەرموویەت ی : شافعی بەڵگە ئەهێنێتەوە بەمورسەل ئەگەر بەیەکێک لەم چوار شتە پاڵپشت بکرێت یان بەفەرموودەیەکی موسنەد یان بەمورسەلێکی تر بەڵام لەڕێگەیەکی ترەوە یان بەوتەی هاوەڵێک (کەلەڕێگەیەکەوە وتەی هاوەڵێک هاتبێت هاوشێوەی ئەو مورسەلەبێت) یان بەوتەی زۆرینەی زانایان.

[المجموع (6/ 206)]

کەواتا مورسەل کاتێ قبوڵکراوە :

— لەڕێگەیەکی ترەوە بزانرێت ئەوکەسەی نادیارە لەنێوان پێغەمبەر ﷺ وتابعیەکە هاوەڵێکی پێغەمبەرە ﷺ چونکە کەزانرا لەصەحابەوە وەریگرتوە ئەوە قبوڵ ئەکرێت چونکە صەحابە هەموویان عەدل ن.

— یان بزانرێت کەوا ئەو تابعیە هیچ فەرموودەیەک بەرزناکاتەوە بۆپێغەمبەر ﷺ ئیلا لەڕێگەی هاوەڵێکەوە نەبێت.

— یان ئومەت وزانایان ئەو فەرموودەیە قبوڵ بکەن ئەوە ئەبێت بەحوجە.

١٦- وَقُـلْ غَـرِيــبٌ مَـا رَوَى رَاوٍ فَـقَـطْ

بڵێ فـەرموودەی غەریب ئەوەیە کەتەنها یـەک کەس گێڕاویەتیەوە.

جا ئەو یـەک کەسە ئەگەر هاوەڵێک بێت ئەوە بەغەریب ناوئەبرێ یان تابعیەک بێت بەتەنها بیگێڕێتەوە بەغەریب دائەنرێت.

غەریب بـوون :

— یان لەسەرەتای سەنەدە.

— یان لەناوەڕاست.

— یان لـەکۆتای سەنەد.

واتا لەوانەیە فەرموودەکە غەریب بێت لەکۆتای سەنەد تەنها یەک تابعی گێڕاویەتیەوە لەهاوەڵەوە بەڵام پاش تابعیەکە خەڵکانێکی زۆر ئەیگێڕنەوە.

یـاخود جاری واهەیە ئەگاتە پلەی تەواتر.

بۆنمونە :

پێشتریش باسمانکردووە فەرموودەی انما الاعمال بالنيات لەچینی هاوەڵان وتابعیەکان غەریب ـە بەڵام لەدووای چینی تابعین زۆر بەربڵاوبۆتەوە.

یاخود لەناوەڕاست دا غەریب ئەبێت بۆنمونە کۆمەڵێک ڕیوایەتی ئەکەن لەناوەڕاست دا یەک کەس هەیە گێڕاویەتیەوە لەدوای ئەم یەک کـەسـە

دیسان کۆمەڵێ زۆرتر ڕیوایەتیان کردوە.

— فەرموودەی غەریب هەنێ جار صحیح ـە گەرمەرجەکانی صحیح بوونی تێدابێت وهەنێ جاریش ضعیف ـە گەرمەرجەکانی تێدانەبێت.

پاشان ئیمام فەرمووی :

١٧ـ وَكُلُّ مَا لَمْ يَتَّصِلْ بِحَالِ إسْنَادُهُ مُنْقَطِعُ الأَوْصَالِ

هەموو فەرموودەیەک کەوا سەنەدەکەی بەیەکترەوە نەبەسترابێت بەجۆرێک لەجۆرەکان ئەوە ناوئەنرێ بە (منقطع).

بۆنمونە ئەمە سەنەدێکی متصل ـە :

ژمارە یەک لەژمارە دوو ئەیگێڕێتەوە لەژمارە سێ ئەویش لەژمارە چوار ئەویش لەژمارە پێنج.

بەڵام ئەگەر وترا ژمارە یەک گێڕایەوە لەژمارە سێ لەژمارە چوار لەژمارە پێنج ئەمە منقطع ـە (پچڕانی تێدایە) چونکە ژمارە یەک نەبەستراوەتەوە متصل نیە بەژمارە دوو.

ئەگەر لەژمارە دووگێڕدرایەوە تاژمارە پێنج ئەوە ئەڵێین منقطع ـە لەسەرەتاکەیەوە واتا ژمارە یەک لەسەنەدەکە نیە.

بۆیە زانایان منقطع دابەش ئەکەن بۆچوار جۆر :

١ – پچڕان لەسەرەتای سەنەد.

٢ – پچڕان لەکۆتایی سەنەد.

٣ – پچڕانی یەک کەس لەناوەڕاست ی سەنەد.

٤ – پچڕانی دووکەس یان زیاتر بەسەریەکەوە لەناوەڕاست ی سەنەد.

جۆری یەکەم ناوئەنرێت بەموعەلەق.

ئایا موعەلەق لەبەشەکانی ضعیف ـە یان صحیح ؟

ئەڵێین لەبەشەکانی ضعیف ـە چونکە مەرج ی صحیح بون بەیەکەوە بەسترانی سەنەدە بەڵام ئەوەی ئیمام ی بخاری بەموعەلەق ی هێناویەتی بەشێوەی جەزم ئەوە لەلای خۆی صەحیح ـە وسەنەدەکەی جێگیرە بەڵام لەبەرهۆکاریٚ لەهۆکارەکان هەمووی نەخستۆتە ڕوو ئەگەرچی لەڕووکەشدا لەسەر مەرجەکانی خۆشی نیە بەڵام کەئەڵێین لەلای بخاری صحیحە لەبەرئەوەی بخاری وەک بەڵگەهێنانەوە بۆحوکم ئەیهێنێتەوە بۆیە ناکرێت شتێک وەک بەڵگە بهێنێتەوە ئیلا بەشتێک نەبێت کەلای خۆی صەحیح وسەنەدەکەی ثابت وجێگیرە.

بەڵام زاهیرەکەی لەسەر مەرجەکانی خۆی نیە چونکە گەر لەسەر

مەرجەکانی خۆی بوایە ئەوا سەنەدەکەی هەمووی باسئەکرد تابزانرێت ئەگەرچی هەنێجار لەهەنێ باب دا بەموعەلەق ی ئەهێنێت بەڵام لەباب ێکی تردا هەمان فەرمووده بەمتصل ی ئەهێنێت.

جۆری دووەم پچڕان لەکۆتایی سەنەد بەمرسل دائەنرێ.

جۆری سێهەم پچڕانی سەنەد بەهۆی کەوتنی پیاوێک لەناوەڕاستی سەنەدەکە بەمنقطع دائەنرێت.

جۆری چوارەم کەپچڕانەکە لەناوەڕاست ی سەنەد دووپیاو بەدووای یەکدا پچڕابێت یان زیاتر ئەمە ناوئەنرێت (موعضەل).

هەربۆیە ئیمام فەرمووی :

١٨- والمُعْضَلُ الساقِطُ مِنه اثنانِ

موعضەل دووکەس ی تێدا کەوتوە.

— واتا دووکەس بەسەریەکەوە لەسەنەدەکە پچڕاوە ئەمە پێی ئەوترێ معضل.

بۆنمونە سەنەدێکمان هەیە :

ژمارە یەک و دوو وسێ.

بەڵام سەنەدێ ترمان هەیە :

ژمارە دوو لەگەڵ سێ بەسەریەکەوە کەوتون لەسەنەدەکەدا ئەمە پێی ئەوترێ معضل بەڵام ئەگەر ژمارە دووی تێدانەبوو لەگەڵ ژمارە چوار ئەمە پێی ئەوترێ منقطع پێی ناوترێ معضل.

بـۆچی ؟

چونکە بەسەریەکەوە نەپچڕاون.

ئەی ئەگەر ژمارە یـەک و ژمارە چوار پچڕابێت ؟

ئەوترێ ئەمە موعەلەق ومرسلە.

— موعەلەقە چونکە سەرەتای سەنەدەکەی پچڕاوە.

— مورسەلە چونکە کۆتای سەنەدەکەی پچڕاوە.

ئەم هەموو ئەم جۆرانـە لەبەشەکانی ضعیف دائەنرێت.

ئەگەر دوو فەرموودەمـان بینی یەکێکیان سەنەدەکەی معضل ـە ئەوەی تریان سەنەدەکەی منقطع ـە یان مرسل ـە یان موعەلەقە ئایا کام لەم دووسەنەدە زۆر زۆر ضعیف دائەنرێت ؟

— بێگومان سەنەدی معضل بەزۆر لاوازتر دائەنرێت چونکە دووکەسـی بەسەریەکەوە پچڕاون لەناو سەنەدەکەدا.

وانەی حەوتەم

7

بسم الله الرحمن الرحیم

وانەی حەوتەم

وما أتــى مُــدلَّـســاً نــوعــانِ

١٩- الأَوَّلُ الاسْقَـاطُ لِلـشَّـيْـخِ وَأَنْ

يَـنْـقُـلَ عَـمَّـنْ فَـوْقَـهُ بِـعَـنْ وَأَنْ

٢٠- وَالثَّانِ لاَ يُسْقِطُـهُ لَكِـنْ يَصِـفْ

أَوْصَافَـهُ بِـمَا بِـهِ لاَ يَـنْـعَـرِفْ

ئەوەی هاتوە لەبارەی مودەلەس ـەوە دووجۆرە.

جۆری یەکەم شێخەکەی ئەخات لەسەروی ئەوەوە نەقڵ ی ئەکات بە (عن) و (أن).

جۆری دوەم شێخەکەی ناخات بەڵام بەوەسفێک وەسفی ئەکات کەناناسرێتەوە بەو وەسفە.

حەدیث ـی مدلـس بـریتیە لەشـاردنەوەی عەیبی سەنەد وجوان پیشان دانی ڕواڵەتی سەنەدەکە.

ئیمام فـەرمووی تەدلیس لە حەدیث دووجۆرە بەڵام هەنێ زانا ئەفەرموون سێ جۆرە.

تەدلیس لەسەنەد چیـە ؟

بریتیە لەوەی کەسـی ڕاوی واپیشان ی ئەیات ئەم فەرموودەیەی لەشێخەکەی بیستوە بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم فەرموودەی لەشێخەکەی نەبیستوە بەڵکو کەسێکی تر هەیە لەنێوان خۆی و شێخەکەیدا لەوکەسەی بیستوە بەڵام ئەم ناوی ئەوکەسە نایات بەهۆی هۆکارێک لەهۆکارەکان وە بۆئەوەی نەکەوێتە ناو درۆوە ئەڵێت لەشـێخ فلانەوە یان شێخ فلان وتی ناڵێت بیستم لەشێخەکەم یان ناڵێت شێخەکەم پێی وتم بەڵکو بەشێوەی عن زید یان عن عمرو (لـە زەیدەوە یان عەمر ئاوای وت) بەوشێوە ئەیگێڕێتەوە.

ابن عبد البر رحمه الله تعالی فـەرموویەت ی : تەدلیس ئەوەیـە پیاوێک فەرموودە بگێڕێتەوە لەپیاوێکی ترەوە کەچاوی پێی کەوتوە لەیەک سەردەم ژیاون وشتی لێ بیستوە بەڵام فەرموودەیەک ئەگێڕێتەوە لێوەی کەخۆی ئەو فەرموودەیەی لەوکەسـە نەبیستوە بەڵکو لەکەسێکی تری بیستوە کەئەوکەسە ئەم فەرمـــوودەی لەشێــخەکە بیستوە جائەم

کەسـە حاڵی جێگەی ڕەزامەندی بێت یاخود نا زۆرجار ئەم کەسە حاڵی جێگەی ڕەزامەندی نیـە بۆیە گەرحاڵی جێگەی ڕەزامەندی بوایـە ناوی ئەهێنا. [التمهيد (1/15)]

حوکمـ ـی حەدیثـ ـی کەسی مدلس چیـە ؟

ابن رجب رحمه الله تعالى فەرموویەت ی : تەدلیس بەدرۆ دانانرێت تا هەموو فەرموودەی کەسی تەدلیسکار ڕەد بکرێتەوە ئەمەش وتەی احمد وجگە لەویشە لەپێشەوایان چونکە کەسی تەدلیسکار کەئەڵێت لەفلان کەسـەوە ئەمە درۆنیـە بەلام شاردنەوەی ئەوکەسـەیە کەلێیوەی بیستوە. [شرح علل الترمذي (2/584)]

ئیمام ی شافعی ئەفەرموێت :

لا نقبل من مدلس حديثا حتى يقول فيه حدثني أو سمعت.

حەدیث ی مدلس وەرناگرین تانەڵێت پێی وتم یان لێم بیست.

[الرسالة (ص379-380)]

الحافظ ابن حجر رحمه الله تعالى ئەفەرموێت : حوکم ی ئەوکەسەی لەسەری جێگیربوە کەسێکی تەدلیسکارە لەهەمان کاتدا کەسێکی عادل ـە ئەوە ڕیوایەتی وەرناگیرێت ئیلا ئەوانەی نەبێت کەئاماژە بکات بەوەی بڵیت پێی وتم یان لێم بیست لەسەر وتەی ڕاجح. [نزهة النظر(ص81)]

پاشان ئیمام فەرمووی جۆری یەکەم ی تەدلیس لەسەنەد بریتیە لەوەی شێخەکەی پەک ئەخات لەسەروی شێخەکەیەوە نەقڵ ئەکات بەوەی ئەڵێت لەشێخ ـەوە بەشێوەی (عن و أن).

ئەمە پێی ئەوترێ تەدلیس ـی التسویه :

بریتیە لەوەی ڕاوی لەسەنەدا شێخەکەی خۆی پەک ئەخات لەسەروی شێخەکەیەوە نەقڵ ی ئەکات ڕواڵەت سەنەدەکە وادەرئەکەوێت کەسەنەدەکە متصل ـە.

بۆنمونە :

خالد بڵێت علی ئاوای وت بەڵام لەنێوان خالد وعلی کەسێک هەیە ناوی محمدە بەڵام خالد ناوی محمدی پەکخست وشاردیەوە بەڵکو لەسەروی محمدەوە گێڕایەوە کەبریتی بوو لەعلی ئەمە تەدلیسە ئەگەرچی کەسی تەدلیسکار درۆی نەکردووە لەڕاستیدا بەڵام لەبەر چەند هۆکارێ ناوی محمدی شاردەوە کەفەرموودەکەی لێ بیستوە ڕاستەوخۆ چوو بۆعلی جاهۆکاری شاردنەوەی ناوی محمد ئایا لەبەرئەوەبووە تابیشارێتەوە لەخەڵکی کەزانست ی لەمحمد وەرگرتوە یان لەبەر هۆکارێکی سیاسی وەک بونی ترس لەدەسەڵاتدار یان لەبەر ئەوەی محمد کەسێک بوە ڕیوایەتی قبوڵکراونەبوە لەناو زانایان جابەهۆی خراپ ی لەبەرکردنیەوە بێت یان لاوازی دینداریەکەی یان لەبەرئەوەی محمد پێگەو پلەی لەخۆی کەمتربووە هاوشێوەی ئەم هۆکارانە.

گرنگ ئەوەیە محمد ی شاردەوە لەبەر هەرهۆکارێک بێت بەڵام خراپترین هۆکار ئەوەیە محمد بشارێتەوە لەبەرئەوەی ئەزانێت محمد کەسێکی عەدل نیە بۆیە ئەیشارێتەوە تاحەدیثەکەی قبوڵ بکرێت.

— هەربۆیە حەدیث ی تەدلیسکار وەرناگیرێت گەرچی سیقەش بێت تائاماژە نەکات بەوەی خۆی ئەم فەرموودەی لەعلی بیستوە یان تانەڵێت علی پێی وتم تائاوا نەڵێت بەمتصل دانانرێت.

جۆری دووەم بریتیە لەوەی شێخەکەی پەک ناخات بەڵام بەوەسفێک وەسفی ئەکات نازانرێت ئەو شێخەی کێیە.

بۆیە ئیمام فەرمووی جۆری دووەم شێخەکەی پەکناخات بەڵام بەوەسفێک وەسفی ئەکات کەناناسرێت.

وەک ئەوەی ناوی یەکێک لەشێخەکانی بەناوێ ترەوە ناوبنێت یان لەبڕی ناوی باوکی بەناوی باپیریەوە ناوی ئەنێت یان بەنازناوێکی ترەوە نازناوی بۆدانێت لەکاتێکدا بەو ناو ونازناوە نەناسراوە یان بەوەسفێکی گشتی وەسفی بکات وەک ئەوەی ئەڵێت کەسێک پێی وتم کەلەوتی لەنێوان چاوەکانیدایە یان بڵێت کەسێک پێی وتم کەدانیشتبوو لەمەجلس ی فەرموودە.

— هۆکاری ئەم کارەش هەمان ئەوهۆکارانەیە کەلەجۆری یەکەم باسکران ناوی شێخەکە ئەشارێتەوە تا فەرموودەکە ڕەدنەکرێتەوە یان لەبەر هۆکارێکی تر.

— حوکم ی ئەمەش وەک جۆری یەکەم ـە قبوڵناکرێت تانەزانرێت ئەوکەسە کێیە وحاڵی چۆنە لەپێوەرەکانی زانست ی فەرمووده.

نمونەی ئەم جۆرە تەدلیسکردن لەگۆڕینی ناو نازناو و وەسف ـی شێخ ـدا :

ئیمام ی مالک رحمه الله تعالی ڕیوایەتێکی گێڕاوەتەوە تێیدا ناوی عکرمـه ئەشارێتەوە بەمخبر ناوی بردووه :

عن مالك عن داود بن الحصين قال أخبرني مخبر أن عبد الله بن عباس كان يقول...

هۆکاری شاردنەوەی ناوی عکرمـه وناوبردنی بەمخبر بۆئەوەبووه کەعکرمە تۆمەتبارکرابوو بەڕەئی خەوارج بەڵام ئیمام ئەیزانی عکرمـە بەریئە لەوتۆمەتە هەربۆیە ڕیوایەتەکەی لێ گێڕایەوە وەبۆئەوەی ڕیوایەتەکەش قبوڵکراوبێت ناوی شاردەو تائەوکاتەی ڕوون بوەوە عکرمـه لەوتۆمەتە بەریئە لەکتاب ی الحج ـدا هەمان ڕیوایەتی گێڕایەوە بەهەمان سەنەد وئاماژەی کرد بەناوی عکرمـه.

ئایا تەدلیس حەرامە؟

بەڵێ لەئەصلدا حەرامە چونکە فێڵکردن ـە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی:

من غش فليس منا.

ئەوەی فێڵ کات لەئێمە نیـە.

چجای فێڵکردن لەدانەپاڵ ی شتێک بۆ پێغەمبەر ﷺ وفێڵکردن لەسەنەدێک کەمەتنەکەی ئەدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ.

لەگەڵ ئەمەشدا هەنێ لەتابعین وجگە لەوانیش تەدلیس ئەکەن بەنیەتی چاکەوە مەبەستیان پێی خراپە نیە نەبەرامبەر پێغەمبەر ﷺ نەبەرامبەر بەخەڵکی بەڵام ئەم مەبەست چاکیە ئەصلی کارەکەیان بۆناشەرعێنێت ئەگەرچی مجتهدن لەوکارەیان وپاداشتی اجتهادەکەیان بۆهەیە.

وانەی هەشتەم

8

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی هەشتەم

٢١- وَمَـــا يُــخَــالِفْ ثِــقَــةٌ بِـــهِ المـَلاَ
فَالشّـَـاذ والمَقْـلُوبُ قِـسْمانِ تَـلاَ

٢٢- إبْـــدَالُ رَاوٍ مَــــا بِـــرَاوٍ قِــــسْـمُ
وَقَلْبُ إسْـنَادٍ لـمَـتْـنٍ قِـسْـمُ

ئەوەی ڕاویەکی متمانە پێکراوە پێچەوانەی کۆمەڵێک بکات ئەوە شـاذە.

مەقلوب (ڕیوایەتی وەرگەڕاو دووبەش ـە).

بەشێکی گۆڕینی ناوی ڕاویـەکەیە بەناوێکی تر.

گۆڕینی سەنەد بۆمەتنێکی تر جۆرێکی تریەتی.

فەرموودەی شاذ : کەپێشتر باسمان کرد لەمەرج ی صەحیح بونی فەرموودە بریتیە لەوەی شاذ نەبێت.

پێناسەکەی :

بریتیە لەوەی کەسێکی سیقە ئەیگێڕێتەوە لەگێڕانەوەکەیدا پێچەوانەی لەخۆی باشتر ئەکات لەڕووی لەبەرکردنەوە یان لەڕووی زۆری ژمارەوە بەوەی پێچەوانەی کۆمەڵێکی لەخۆی سیقەتر بیگێڕێتەوە.

ئیمام ی شافعی رحمە اللە تعالی فەرموویەتی : فەرموودەی شاذ ئەوەنیە کەوا ڕاویەکی سیقە فەرموودەیەک بگێڕێتەوە کەغەیری خۆی نەیانگێڕابێتەوە ئەوە بەشاذ دانانرێت بەڵکو شاذ ئەوەیە کەسێکی سیقە فەرموودەیە بگێڕێتەوە خەڵکی لەخۆی سیقەتر پێچەوانەی ئەوبیگێڕنەوە. [معرفة علوم الحدیث (119)]

عەکسی شاذ (واتا پێچەوانەی فەرموودەی شاز پێی ئەوترێ المحفوظ).

فەرموودەی المحفوظ بریتیە لەوفەرموودەی کەسی باشتر وراجحتر ئەیگێڕێتەوە بەپێچەوانەی گێڕانەوەی کەسێک پلەی سیقەی کەمترە.

کەواتا شاذ بریتیە لەوەی کەسێکی سیقە پێچەوانەی گێڕانەوەی لەخۆی بەرزتر ئەکات لەخۆی بەرزترن لەعەدالەت یان ضبط یان زۆرترن لەڕووی ژمارەوە.

نمونەی زۆری ژمارە :

(کۆمەڵێک لەشیخەکەیانەوە فەرموودەیەک ئەگێڕنەوە پاشان یەکێک لەوان پێچەوانەی گێڕانەوەی ئەو کۆمەڵە سیقەیە ئەکات).

— ئەڵێین ئەمە شاذە چونکە ئەم کەسە ئەگەرچی خۆشی سیقەیە بەڵام پێچەوانەی لەخۆی باڵاتر وبەرزتری کردووە لەڕووانگەی پێوەری زۆری ژمارەوە.

وەک وتمان فەرموودەیەک پێچەوانەی شاذ بێت ئەڵێین ئەم فەرموودە محفوظ ـە پێچەوانەکەی شاذە.

نمونەی فەرموودەی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر ﷺ کەبۆ مەسحکردن ی سەری ئاوی تری هەڵگرت تابەوئاوە سەری مەسح بکات نەک پاشماوەی ئاوەکەی دەست ی سەری مەسح بکات بەم شێوە لەصەحیح ی مسلم هاتوە بەڵام لەڕیوایەت ی ابن ماجە هاتوەکەئاوی تازەی هەڵگرتوە بۆ مەسحکردن ی گوێیەکان ی کەجیاوازبوو لەپاشماوەی ئاوی دەست ی لەدوای تەواوکردنی مەسح ی سەری.

کەواتا هەردوو ڕیوایەتەکە جیاوازن.

— ڕیوایەت ی مسلم ئەڵێت ئاوی تازەی هەڵگرت کەجیاوازبوو لەوئاوەی بەدەستیەوە مابوو تاسەری مەسح کات.

— بەڵام ڕیوایەت ی ابن ماجە ئەڵێت ئاوی هەڵگرت تاگوێی پێ مەسح بکات کەجیاوازبوو لەو ئاوەی بەدەستیـــەوە مابوو کەسەری پێ مەسح

کردبوو.

هەربۆیە ابن حجر لە بلوغ المرام ئەفەرمویێت فەرموودەکەی مسلم بە محفوظ دائەنرێت فەرموودەکەی ابن ماجە بەشاذ دائەنرێت.

هەروەها پێویستە ئەوە بزانیت حوکم بەشاذ بوونی فەرموودە نەیەیت تەنها لەبەرئەوەی لەخەیاڵی تۆدا ئەمە پێچەوانەی ڕیوایەت ی کۆمەڵێک لەخۆی سیقەترە بەڵکو پێویستە پێش حوکمدان وردبیتەوە ئایا مەجالی جەمعکردن هەیە تا هەوڵ ی جەمع کردن ی نێوان ڕیوایەتەکان بەیت چونکە کاتێک ئەڵێی ئەم فەرموودە شاذە واتا قبوڵکراو نیە چونکە لەمەرج ی قبوڵکردن ی فەرموودەی صەحیح ئەبێت شاذ نەبێت.

بۆیە ئەبێت لێی وردبیتەوە چونکە جاری واهەیە وادەرکەوێت دووڕیوایەتەکە پێچەوانەی یەکن بەڵام بەتێڕامان وردبوونەوە بۆت دەرکەوێت پێچەوانەی یەکتری نین.

بـۆنمونە :

دووعای :

اللهم رب هذه الدعوة التامة، والصلاة القائمة آت محمداً الوسيلة والفضيلة وابعثه مقاماً محموداً الذي وعدته إنك لا تخلف الميعاد.

هەنێک لەخەلکی ئەڵێن انک لاتخلف المیعاد زیادەیە وشاذە چونکە زۆربەی ڕاویەکان گێڕاویانەتەوە بەبێ ئەو زیادەیە بۆیە ڕیوایەت ی

ئەوکەسەی بەتەنها ئەم زیادەیەی گێڕاوەتەوە شاذە ئەگەرچی سیقەشە بەڵام پێچەوانەی گێڕانەوەی کەسانی سیقەتری کردوە.

بەڵام لێرەیا ئەڵێین نەخێر پێچەوانەی گێڕانەوەی سیقەتری نەکردوە چونکە ئەم زیادەیە پێچەوانەی گێڕانەوەکانی پێش خۆی نیە بەجۆرێک بەدرۆی بخاتەوە یان سنورداری بکات بەڵکو مۆرێکی پێ یاوە کەلەسروشتی دووعای ئیماندارانە کە الله تعالی فەرموویەت ی لەبارەی شێوازی دووعای ئیمانداران :

{ رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ }.

بۆیە ئەو دووعایەش کەهاتوە :

وابعثه مقاماً محموداً الذي وعدته إنك لا تخلف الميعاد.

هاو واتای مانای وتەی الله تعالی یە کەفەرموویەت ی، کەواتا لێرەدا پێویستە پێش بڕیار دان ئێمە وردبینەوە ئایا ئەو زیادەیە پێچەوانەیە یان پێچەوانە نیە واتا پەلەنەکەین لەبڕیاردان بەپێچەوانەکردن ی چونکە کەوتت پێچەوانەیە واتا مەجال ی جەمعکردن ی تێدا نامێنێتەوە بەڵام کەمەجالی جەمع کردن ی تێدابوو ئەوە بەپێچەوانە دانانرێت وناوترێ شاذە.

کەواتا پێش بڕیاردان ئەبێت سەرنج ی ئەوەبدرێت ئایا زیادەکە

پێچەوانەی لەخۆی سیقەترە یاخود پێچەوانە نیە ؟ وە ئایا مەجال ی جەمع ی تێدایە یان دژ بەیەکە وناتوانرێت جمع ی لەنێوان کرێت.

— کەواتا ئەبێت بۆ ناسینی فەرموودەی شاذ ئەبێت پێچەوانەی تێدابێت بۆڕیوایەتی کەسێکی لەخۆی متمانەپێکراوتر.

— بەڵام گەر پێچەوانە نەبوو توانرا جەمع بکرێت یان پێچەوانەی لەخۆی متمانەتری نەکرد بەشاذ دانانرێت.

بـۆنمونە :

ابن رجب رحمه الله تعالى له شرح ی العلل (1/425) فەرموویەت ی : بابەت ی زیادەی کەسی سیقە ئەوەی کەوا کۆمەڵێک فەرموودەیەک بەیەک سەنەد ومەتن ئەگێڕنەوە بەڵام هەنێک لەڕاویەکان زیادەیەک زیادئەکەن کەلەڕیوایەتەکانی تردا نەهاتوە.

ئیمام ی الترمذي رحمه الله تعالى فەرموویەت ی : جاری واهەیە فەرموودەیەک بەغەریب دائەنرێت بەهۆی زیادەیەک لەفەرموودەکە بەڵام کاتێک بەصەحیح دائەنرێت کەزیادەکە لەکەسێکەوە هاتێت کە اعتماد لەسەر حفظ ی بکرێت وەک ئەو ڕیوایەتەی مالک ی کوڕی ئەنەس لە نافع ـەوە لەابن عمرەوە فەرمووی پێغەمبەر ﷺ زەکات ی فطر ی فەرزکرد لەسەر هەموو موسڵمانێکی ئازاد وکۆیلە نێر ومێ.

فرض رسول الله زكاة الفطر من رمضان على كل حرٍّ، أو عبدٍ ذكرٍ أو أنثى من المسلمين.

ئیمام ی مالک ئەم فەرموودەی گێڕایەوە بەزیادەی من المسلمین (لەموسڵمانان).

ایوب ی سختیانی وعبیدالله کوڕی عمر ڕیوایەتیان کردوە بەبێ زیادەی (من المسلمین) هەربۆیە زیاتر لەزانایەک لەوانە شافعی واحمد استدلالیان بەڕیوایەتەکەی مالک کردوە ئەگەر پیاو بەندەی غەیری موسڵمان بێت زەکات ی فطر نایات.

هەربۆیە ئیمام ی ابن رجب فەرموویەت ی :

إنما يقبل الزيادة إذا لم يخالفه من هو أحفظ منه.

زیادەکەی قبوڵ ئەکرێت ئەگەر کەسی لەخۆی باڵاتر لەحفظ دا پێچەوانەی نەکات.

لێرەیا ئەبینیت زیادەکەی ئیمام ی مالک وەرگیراوە چونکە زیادەی متمانە پێکراو وەرئەگیرێ ئەگەر پێچەوانەی لەخۆی متمانەتر نەکات چونکە لەپێناسەی شاذ وتمان کاتێک شاذە پێچەوانەی لەخۆی باڵاتربکات.

نمونەیەک لەسەر ئەوەی کەتوانرا جەمع بکرێت لەنێوانیاندا بەشاذ دانانرێت.

ئیمام ی ابو داود لەسوننەکەی گێڕاویەتیەوە کەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

لا تصوموا يوم السبت إلا فيما افترض عليكم.

ڕۆژی شەمە بەڕۆژ مەبن تێیدا تەنها ئەوەنەبێت لەسەرتان فەرزکراوە.

— ئەم فەرموودەیە پێچەوانەی ئەوەیە کەلەهەردوو صەحیحەکەیا هاتوە کەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی بەیەکێک لەهاوسەرەکان ی خۆی کەلەڕۆژی هەینی بەڕۆژوو بوو پێی فەرموو ئایا دووێنی بەڕۆژوو بویت ؟ وتی نەخێر پاشان فەرمووی ئەی بەیانی (واتا شەمە) بەڕۆژوو ئەبیت وتی نەخێر فەرمووی کەواتا ڕۆژووەکەت بشکێنە.

بڕگەی فەرموودەکە کەفەرمووی ئایا بەیانی ڕۆژوو ئەگریت بەڵگەی جائیزبوونی ڕۆژووگرتنە لە ڕۆژی شەمە هەربۆیە زاناکان ڕاجیاوازن لەبارەی فەرموودەی نەهیکردن لەڕۆژووگرتن لەڕۆژی شەمەدا دابەش بوون بۆسەر چەند وتەیەک :

١ - هەنێک وتویانە فەرموودەکە مەنسوخ ـە بەڵام ئەم بۆچونە لاوازە چونکە لەمەرج ی حوکم ی نەسخ کردن زانین ی کات وبەرواره بەڵام لێرەیا بەروار وکات ی هەردوو فەرموودەکە دیارنیە.

٢ – هەنێک وتویانە فەرموودەی نەهیەکە شاذە چونکە پێچەوانەی ئەوەیە لەدوو صەحیحەکەیا هاتوە چونکە ئەوەی لەدووصەحیحەکە هاتوە بەڵگەی جائیزبوونی ڕۆژوگرتنی تێدایە لەشەمە.

٣ – هەنێکیان جەمع ی هەردوو فەرموودەکەیان کردوە وتویانە نەهیکردنەکە لەسەر ئەوە هاتوە ڕۆژووگرتنەکە تەنها لەشەمەدا بێت بەڵام گەر ڕۆژێ پاش یان پێش ی بەڕۆژووبێت کێشەی تێدانیە.

کەواتا کەتوانرا جەمع ی نێوانیان بکرێت ئەوە بەشاذ دانانرێت چونکە لەمەرج ی شاذ بوون پێچەوانەکردنە بەڵام لێرەدا پێچەوانەی ڕیوایەتەکەی بخاری ومسلم نیە چونکە نەهیەکە تەنها بۆ ڕۆژوگرتنە لەشەمە بەتەنها بەڵام گەر لەگەڵیدا ڕۆژێک پێشتر بەڕۆژووبێت ئەوە کێشەی نیە.

کەواتا ئێستا زانیت شاذ چیە وەزانیت پێچەوانەی شاذ بە محفوظ ناوئەبرێت.

بەڵام لێرەیا خاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەوکەسەی ڕیوایەتێک ئەگێڕێتەوە پێچەوانەی کەسانی سیقە بەڵام ئەم ڕاویە کەپێچەوانەی سیقە ڕیوایەتەکەی گێڕاوەتەوە خۆی سیقە نیە ئەم جۆرە ناو ئەنرێت بە منکر.

منکر چیە ؟

بریتیە لەوەی کەسێکی ضعیف پێچەوانەی ڕیوایەتی سیقە ئەکات ئەم جۆرە لەشاذ خراپترە چونکە پێچەوانەی سیقەی کردووە خۆشی ضعیف ـە بەڵام شاذ خۆی سیقەیە پێچەوانەی لەخۆی بەرزتر وباڵاتر ئەکات.

پێچەوانەی منکر بەچی ناوئەبرێت ؟

بەمعروف ناوئەبرێ.

معروف چیە ؟

بریتیە لەوەی سیقە گێڕاویەتیەوە پێچەوانەی گێڕانەوەی ئەوکەسە ضعیف ـە.

کەواتا چوار بەشت زانی :

— شاذ دژەکەی محفوظ ـە.

— منکر دژەکەی معروف ـە.

پاشان مەقلوب کەئیمام فەرمووی :

فَالشّـَاذ والمَقْـلُوبُ قِـسْمانِ تَـلاَ

٢٢- إبْـدَالُ رَاوٍ مَـا بِـرَاوٍ قِـسْـمُ

وَقَلْبُ إِسْنَادٍ لِمَتْنٍ قِسْمُ

مەقلوب لەزماندا : بریتیە لەگۆڕینی شتێک لەشێوازی وڕووی خۆی.

له زاراوەی زانست ی فەرموودە : بریتیە لەگۆڕینی وشەیەک بەوشەیەکی تر لەسەنەد یان لەمەتن بەپێش خستن یان دوواخستن.

مەقلوب (وەرگەڕاو) دابەش ئەبێت بۆ دووبەش :

بەشی یەکەم : وەرگەڕان له سەنەد.

أ/ بەوەی ناوی ڕاوی ئەگۆڕێت بەناوی باوکیەوە بۆنمونە ناوی کەعب ی کوڕی مرة یە بەڵام کەسی ڕاوی هەڵی ئەگەڕێتەوە ئەڵێت مرة بن کعب.

ب/ سەنەدی فەرموودەیەک بۆ فەرموودەیەکی تر دائەنێت جایان بەهەڵە ئەم کارە ئەکات یان بەمەبەست ی تاقیکردنەوە وەک ئەو تاقیکردنەوەی خەڵکی بەغداد لەگەڵ ئیمام ی بخاری کردیان کەسەنەدی چەندان فەرموودەیان لەگەڵ مەتن ی فەرموودەی تر تێکەڵ کرد تائاستی زانستەکەی تاقی بکەنەوە بەڵام ئیمام ی بخاری هەمووی ڕاستکردەوە بۆیان سەنەدی هەرفەرموودەیەکی هێنا لەپاڵ مەتنەکەی خۆی دایناـ هەمووی ڕێکخستەوە.

جۆری دووەم : هەڵگەڕانەوەی له مەتن ـدا.

وەک ئەو فەرموودەی أبي هريرة لەبارەی ئەو حەوت کەسەی لەقیامەت ـدا لەژێر سێبەری عەڕش ی الله تعالى ـن لەناویاندا باسی ئەوە هاتوە :

ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم يمينه ما تنفق شماله.

ئەم لەفزە لەلای هەنێک لەگێڕاوەکانی فەرموودەکە وەرگەڕاوە چونکە ئەوەی جێگیربووە بریتیە لەم لەفزە :

حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمينه.

بەڵام لەڕیواتە مەقلوبەکە ئەڵێت :

حتى لاتعلم يمينه ماتنفق شماله.

واتا پاش وپێش ی تێدا کراوە لەمەتنەکە.

وانەی نۆیەم

9

بسم الله الرحمن الرحیم

وانەی نۆیەم

٢٣- والـفَــرْدُ مــا قَــيَّــدْتَــهُ بـثـقَـة
أوْ جَمعٍ أوْ قَـصٍـر عَـلَـى رِوَايَـةٍ

٢٤- وَمَـا بِعِلَّـةٍ غُـمُـوضٍ أَوْ خَـفَـا
مُـعَـلَّـلٌ عِـنْـدَهُـمُ قَـدْ عُـرِفَـا

٢٥- وَذُو اخْـتِـلافِ سَـنَـدٍ أَوْ مَـتْـنِ
مُضْطَرِبٌ عِنْـدَ أُهَـيْـلِ الْـفَـنِّ

فەرد : بریتیە لەوەی کەقەید کراوە بەسیقەپێکراوێک یان بەکۆمەڵێک یان تەنها بەگێڕانەوەی ڕیوایەتێک.

ئەوفەرموودەیەی علەت ی ئاڵۆز وشاراوەی تێدایە بەموعەلەل ناسراوە لەلای زانایانی فەرموودە ئەوجۆرەش ی کەسەنەد ومەتن ـەکەی جیاوازی تێداهەبێ ئەوە بەمضطرب ناسراوە لەلای شارەزایانی

بواری فەرمووده.

فەرموودەی فەرد چیـە ؟

بریتیە لەو فەرموودەی کەسـی گێڕەوەی فەرموودەکە بەتەنها خۆی پێی هەستاوە بەجۆرێک لەجۆرەکانی تاکبوونەوە واتا گێڕەوەی فەرموودەکە بەتەنها گێڕاویەتیەوە.

فەرد دووجۆرە :

— فەردی مطلق (ڕەها).

— فەردی نسـبـ ی.

فەردی مطلق چیـە ؟

فەرموودەیەکە لەبنەڕەتی سەنەدەکەیدا تاکبونەوە هەیـە واتا لەبنەڕەتی سەنەدەکەیدا تەنها یـەک کەس گێڕاویەتیەوە.

— بنەڕەتی سەنەدیش بریتیە لەولایەنەی سەنەدەکە کەهاوەڵی تێدایە.

[تیسیر مصطلح الحدیث (29)]

هەروەهـا وتراوە ناونراوە بەفەردی مطلق بەهۆی تاکبونی راوی چونکە نامۆبونەکەی بەهیچ شتێکەوە نەبەستراوەتەوە واتا نەبەستراوەتەوە بەشوێن یان کەسێکی دیاریکراوەوە. [عقد الدرر (170)]

بەڵام فەردی نسب ـی چیه ؟

بریتیه لەوتاکبونەوەیه کەلەناوەڕاست ی سەنەدەکە ڕووئەیات واتا لەبنەڕەتی سەنەدەکە چەند ڕاویەک گێڕاویانەتەوە بەڵام پاش ئەوان تەنها یەک کەس هەیە ئەیگێڕێتەوە لەوانەوە بریتیه لەوتاکبونەوەیەی بەنسبەت لایەنێکی تایبەتەوە ڕوو ئەیات لەوانە. [عقد الدرر (170)]

فەردی نسب ـی دابەش ئەبێت بۆسێ بەش :

١ – ئەوەی بەشارێکی دیارکراو بەستراوەتەوە وەک ئەڵێن ئەم فەرموودە بەتەنها خەڵکی مەکە یان مەدینە گێڕاویانەتەوە.

٢ – ئەوەی کەسنوردار (قەید ئەکرێت) بەکەسێکی سیقە وەک ئەوترێ ئەم فەرموودە هیچ کەسێکی سیقە نەیگێڕاوەتەوە تەنها فلان کەس نەبێت.

٣ – ئەوەی سنورردارئەکرێت بەئیمامێک وشێخێکەوە وەک ئەوەی ئەڵێن تەنها فلان کەس ئەم فەرموودەی لەفلان کەس گێڕاوەتەوە یان فلان فەرموودە کەس نەیگێڕاوەتەوە لەفلان ئیمام تەنها فلان کەس نەبێت.

زۆرکات فەرموودەی تاک ضعیف ـە بەڵام هەنێکیٚ صحیح و قبوڵکراوە بەڵام زۆربەی کات تاکەکان ضعیف ن بەتایبەت دوای سێ سەدە چونکە لەدوای سێ سەدەکە ڕاویەکان زۆربوون بۆنمونە شێخێک

ئەبینیت شەسەد گێڕەوەی هەیە جاکاتێک یەکێک لەگێڕەوەکان ی شتێکی لێ بگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی کەسی تر ئەوشتە بگێڕنەوە لێی لێرەدا گومان دروست ئەبێت چۆن ئەو فەرموودەیە لەوژمارە زۆرە شاراوە بووە ؟ کەسیان ڕیوایەتیان نەکردووە تەنها ئەم کەسە نەبێت ؟ بەڵام لەسەردەم ی هاوەڵان ڕیوایەت ی تاک زۆربوە لەسەردەم ی تابعین بەهەمان شێوە بەڵام کەمتربوو لەچاو سەردەم ی هاوەڵان بەهۆی زۆری تابعین لەسەردەم ی تابعی تابعین ڕیوایەتی فەرد زۆر بوو بەڵام کەمتربوو لەچاو فەردی سەردەم ی تابعین.

— کەواتا زۆرینەی کات فەرموودەی تاک لەچینی فەرموودەی لاوازە.

ئیمام فەرمووی :

مــا قُــيِّــدَ بــثــقة.

ئەوەی بەستراوەتەوە بەسیقەیەک واتا سیقەیەک گێڕاویەتیەوە کەس جگە لەو ڕیوایەتی نەکردوە لەهەمان کاتدا پێچەوانەی گێڕانەوەی غەیری خۆشی ناکات وەک فەرموودەکەی عومەری کوڕی خەطاب الله لێی ڕازی بێت (إنما الأعمال بالنيات) ئەم فەرموودەیە لەسێ چینی گێڕانەوەکەیدا تاکبوون ڕوویداوە لەگەڵ ئەوەشدا صەحیحە چونکە کەسی سیقە لەکەسی سیقە لەکەسی سیقە گێڕاویەتیەوە ئەمە ناوئەنرێت بەفەرد وناوئەنرێت بەغەریب یش.

ئەمە نمونەی فەردی مطلق ـە.

٢ - پاشـان کەفەرمووی :

بـجـمـعٍ.

واتا ئەوەی قەیدکراوە بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێـک (خەڵکی شارێک یان گوندێک یان هۆزێک یان هاوشێوەی ئەمـانە) جائەگەر ئەم فەرموودەیە تەنها یەک کەس بیگێڕێتەوە لەخەڵکی شارێک وەک ئەوەی بوترێ تەنها فـلان کەس ئەم فەرموودەیەی لەخەڵکی شـام گێڕاوەتەوە یان فڵان کەس بەتەنها ئەو فەرموودەی لەحیجازیەکان گێڕاوەتەوا هاوشێوەی ئەمە ئەمە پێی ئەوترێ فەرد بەڵام فەردی نسب ی چونکە فەرموودەکە کەسێک بەتەنها لەخەڵکێکی دیاریکراوی گێڕاوەتەوە.

بـۆنمونە :

گریمـان کەفەرموودەناسەکانی شام هەزار فەرموودەناسـن بەڵام ئەم فەرموودەیە تەنها یەک کەسیان ڕیوایەتی کردوە هیچ کەسێ تریان ڕیوایەتی نەکردووە.

— ئەڵێین ئەمە فەردێکی نسبی ـە واتا نسبەتە بـۆخەڵکی شـام.

یـان بەپێچەوانەوە خەڵکی شارێک یان هۆزێک فەرموودەیـەک بەتەنها لەیەک کەس بگێڕنەوە وەک بـوترێ ئەم فەرمووده تەنها خەڵکی شام گێڕاویانەتەوە لـەفڵان کەسەوە.

پاشـان ئیمام فـەرمووی :

أو قصر على رواية.

واتا ئەم فەرموودەیە بەم مانایە کەس ڕیوایەتی نەکردووە تەنها فلان کەس نەبێت واتا تەنها یەک کەس بەو مانایە ڕیوایەتی کردوە واتا تەنها لەڕیوایەتەکە بەفلان کەس سنوردارە ئەگەرچی فەرموودەکە بەچەند ڕێگەیەکی تریش هاتبێ بەڵام ئەم شێوەی تەنها لەڕێگەی ئەوکەسەوە هاتوە.

ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان فەرموودەی تاک وغەریب ؟

زانایان ی فەرموودە ڕاجیاوازن لەسەر جیاوازی کردن لەنێوان فەرد وغەریب بەهۆی نزیک بونیانەوە لەیەکتر.

ئیمام ی ابن حجر رحمه الله تعالى فەرموویەتی ی : غەریب و فەرد هاو واتای یەکترین لەڕووی زمان و زانستی فەرموودەشەوە بەڵام هەنێک لەزانایان ی فەرموودە جیاوازی ئەکەن لەنێوانیاندا لەڕووی زۆر وکەم بەکارهێنانی زۆرکات فەرد بۆ فەردی مطلق بەکارئەهێن و غەریب یش زۆرکات بۆ فەردی نسب ی بەکار ئەهێنن.

[شرح نخبة الفكر للقاري1/239]

کەواتا لەلای بەشێک لەزانایان جیاوازی نیە ولەلای بەشێکی تر لەزانایان فەرد ئەوەیە کەهاوەڵێک بەتەنها لەپێغەمبەرەوە بیگێڕێتەوە ﷺ غەریب یش ئەوەیە کەتابعی ودوای ئەو بەتەنها بیگێڕێتەوە.

پاشـان ئەوفەرموودەیـەی علەت ی ئاڵۆز وشاراوەی تێدایـە بەموعەلەل ناسراوە لەلای زانایـانی فەرموودە ئەوجۆرەش ی کەسەنەد ومەتن ـەکەی جیاوازی تێداهەبێ ئەوە بەمضطرب ناسراوە لەلای شـارەزایانی بواری فەرموودە.

وەک لەباسـی فەرموودەی صـەحیح باسمانکرد مەرجە سـەلامـەت بێت لەشاذ بـوون ولەعلەی قادح هەربۆیە زانست ی علە زانستێکی تایبەتە بەگەورە زانایـان وپسپۆرانی ئەم بوارە.

پزیشکی ناسینەوەی نەخۆشیەکان (علەت) بریتین لەئیمام ی بوخاری وعلي کوڕی المدیني وابن أبي حاتم والدارقطني ئەم گەورە زانایانە پسپۆڕی ئەم بوارەن چونکە زانستێکی یـەکجار وردە لەبەرئەوەی تۆ کەڕواڵەت ی سەنەدەکە ئەبینیت وائەزانیت سەنەدەکە متصل ـە پێکەوە بەستراوە زاهیرەکەی ئەبینیت پیاوەکانی سیقەن وعەدلن وضبط ـن وشاذ نیە بەڵام علەتێکی وای تێدایە کەس نایزانێت تەنها پسپۆری بوارەکەی خۆی نەبێت.

بـۆنمونە :

ڕاوی لەشێخێکەوە فەرموودەیەک ئەگێڕێتەوە زاهیری سەنەدەکەی بەیەکەوە بەستراوە (متصل ـە) بەڵام دووای پشکنین دەرئەکەوێت ئەم ڕاویە کاتێک هاتووە بۆشاری ئەو شێخە کەشێخەکە لەوکاتەدا مردبوو لەهەمان کاتدا شێخ لەوشارەی خۆی نەچۆتە دەرەوە تابڵێین ئەگەری هەیە لەشارێکی تر لەشێخی بیستوبێت بۆیە لەڕواڵەت سەنەدەکە واهەستەکەی متصل ـە بەڵام ئەو علەتە وردەی تێدایە کەتەنها پسپۆری بواری خۆی ئەیدۆزێتەوە.

کەواتا فەرموودەی موعەلەل بریتیە لەو فەرموودەیەی علەتێکی تێدایە صەحیح بونەکەی ئەشکێنێت لەکاتێکدا ڕواڵەتەکەی سەلامەت دیارە.

هەربۆیە ئیمام ی سخاوی فەرموویەت ی : ئەم جۆرە یەکێکە لەئاڵۆزترین و وردترین جۆرەکان هەربۆیە تەنها زانا لێهاتوە بەتواناکان خاوەن ئەزموون وتێگەشتوەکان لەئەهلی حفظ قسەی تێدا ئەکەن وەک ابن المدینی و احمد وبخاری ویعقوب ی کوڕی ابی شیبه وابی حاتم وابی زرعه و الدارقطنی.

ابن مهدي ئەیفەرموو :

لأن أعرف علة حديث واحد أحبُّ إليَّ من أن أكتب عشرين حديثًا.

زانینی علەتی تەنها یەک فەرموودە لەلام خۆشترە لەوەی بیست

فەرموودە بنوسمەوە. [معرفة علوم الحديث (140)]

علەت لەسەنەد ولەمەتن ڕووئەیات.

ڕێگە بۆدۆزینەوەی علەت بریتیە لەکۆکردنەوەی هەموو ڕێگاکانی فەرموودەکە وسەرنجدان لەجیاوازی ڕیوایەتەکان هەڵسەنگاندن و وردبینی بۆ ضبط ی پیاوانی سەنەدەکە وزانینی لایەنەکانی باردۆخ وحالْیان پاشان حوکمدان بەسەر ڕیوایەتەکە.

دیارترینی ئەو کتێبانەی لەم بارەیەوە نوسراوە :

كتاب ی العلل لابن المديني علل الحديث لابن أبي حاتم العلل ومعرفة الرجال لأحمد بن حنبل العلل الكبير والصغير للترمذي العلل الواردة في الأحاديث النبوية للدارقطني.

پاشان تێکچوو :

٢٥- وَذُو اخْـتِـلافِ سَـنَـدٍ أَوْ مَـتْــنِ مُضْطَرِبٌ عِنْــدَ أُهَـيْـلِ الْـفَـنِّ

فەرموودەی تێکچوو (مضطرب) ئەوفەرموودەیەیە کەلەلایەن ڕاویەک یان چەند ڕاویەک گێڕدراوەتەوە بەچەندین شێوازی جۆراو جۆر

لەکاتێکدا لەهێزدا یەکسانن ناتوانرێت هیچ لایەکیان بەسەر لاکەی تردا پەسەندبکرێت هەروەها ناتوانرێت جەمع لەنێوانیان بکرێت بۆیە ئەم جیاوازیە لەگێڕانەوەکەدا نیشانەیە بۆنەبوونی ظبط ی ڕاوی چونکە لەمەرج ی قبوڵکردن ی ڕیوایەت ئەوەیە ڕاووی ضبط ی هەبێت.

— هەنێجار تێکچوون لەلایەن یەک ڕاویەوە ڕوودەیات واتا یەک ڕاویە بەچەند شێوازێ فەرموودەکە ئەگێڕێتەوە.

— هەنێجاریش کۆمەڵێکن هەریەکەیان بەشێوازێ جیاوازئەیگێڕێتەوە.

کەواتا فەرموودەی مضطرب (تێکچوو) دوومەرج ی هەیە :

١ - جیاوازی گێڕانەوەی فەرموودەکە بەجۆرێک نەتوانرێت جەمع لەنێوانیان بکرێت.

٢ - یەکسان ی هێزی ڕاویەکان لەضبط دا بەجۆرێک نەتوانرێت هیچ لایەکیان بەسەر ئەوەی تردا بەهێزتربکرێت.

بەڵام هەرکات توانرا لایەنێکیان بەهێزتربکرێت بەسەر پیاوانی سەندی لایەنەکەی تردا یان توانرا جەمعی نێوان فەرموودەکە بکرێت بەشێوەیەکی قبوڵکراو ئەوە لە مضطرب دەرئەچێت یان بتوانرێت کار بەهەموو شێوازەکانی ڕیوایەتەکە بکرێت لەحاڵەتی جەمع کردن لەنێوانیاندا. [تيسير مصطلح الحديث (112-113)]

هەربۆیە ئیمام ی ابن صەلاح ی شارەزووری رحمه الله تعالی فەرموویەت ی : ناوئەنرێت بەمضطرب ئەگەر پیاوانی هەردوو ڕیوایەتەکە لەضبط دا یەکسان بن بەڵام ئەگەر لایەکیان بەهێزتربوو بەجۆرێک لاکەی تر بەرگەی نەگرێت بەوەی کەڕاویەکانی لەبەرکردنیان بەهێزتربێت یان زیاتر لەگەڵ ئەوکەسەدابوون کەڕیوایەتەکەیان لێی گێڕاوەتەوە یان جگە لەمانەش لەڕێگەکانی تری تەرجیحکردنی پەسەندکراو ئەوکاتە حوکم بۆ ئەولایەنە ئەدرێت کەبەهێزتر وڕاجحترن بۆیە لەم حاڵەتە وەسف ناکرێت بەمضطرب وحوکمی مضطرب وەرناگرێت پاشان اضطراب لەمەتنی فەرموودە جاری واهەیە لەلای یەک ڕاویەوە ڕووئەیات وەجاری واش هەیە لەلایەن کۆمەڵێکەوە ڕووئەیات وە بونی الاضطراب هۆکاری بەلاواز دانانی فەرموودەکەیە چونکە ئاماژەیە بەوەی گێڕەوەکەی ضبط ی نەکردووە. [مقدمة ابن الصلاح (44)]

نمونەی فەرموودەی مضطرب :

ئەو فەرموودەیەی محمدی کوڕی ابی حمید لە اسماعیل ی کوڕی محمد لەسەعدی کوڕی ابی وقاص لە باوکیەوە لەسەعدەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

مِنْ سَعَادَةِ ابْنِ آدَمَ رِضَاهُ بِمَا قَضَى اللَّهُ لَهُ، وَمِنْ شَقَاوَةِ ابْنِ آدَمَ تَرْكُهُ اسْتِخَارَةَ اللَّهِ، وَمِنْ شَقَاوَةِ ابْنِ آدَمَ سَخطُهُ بِمَا قَضَى اللَّهُ لَهُ.

لەبەختەوەری نەوەی ئادەم ئەوەیە ڕازی بێت بەوەی الله تعالی بڕیاری بۆیاوە لەبەدبەختی نەوەی ئادەم بریتیە لەوازهێنان ی استخارەکردن بەالله تعالی لەبەدبەختی نەوەی ئادەم تورەبون وناڕازیبونیەتی بەوەی الله تعالی بڕیاری بۆیاوە.

محمدی کوڕی ابی حمید لەمەتن ی ئەم فەرموودەیە توشی اضطراب هاتوە چونکە هەمان فەرموودەی بەلەفزێ جیاوازتر گێڕاوەتەوە :

مِنْ سَعَادَةِ ابْنِ آدَمَ ثَلاثَةٌ وَمِنْ شِقْوَةِ ابْنِ آدَمَ ثَلاثَةٌ؛ مِنْ سَعَادَةِ ابْنِ آدَمَ الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ وَالْمَسْكَنُ الصَّالِحُ وَالْمَرْكَبُ الصَّالِحُ، وَمِنْ شِقْوَةِ ابْنِ آدَمَ الْمَرْأَةُ السُّوءُ وَالْمَسْكَنُ السُّوءُ وَالْمَرْكَبُ السُّوءُ.

لەخۆشبەختی نەوەی ئادەم سێ شتە لەنەهامەتی نەوەی ئادەم سێ شتە لەخۆشبەختیەکان ی نەوەی ئادەم ئافرەتێکی چاکە و ماڵێکی باش وسواریەکی چاك لەبەدبەختیەکان ی نەوەی ئادەم ئافرەتی خراپ وماڵی خراپ و سواری خراپ ـە.

ئەمە اضطراب ـە لەمەتنی فەرموودە.

نمونەیـەکی تر :

ئەو فەرموودەیەی ئیمام ی الترمذی گێڕاویەتیەوە لە شریک ی کوڕی بن ابی حمزە لەشەعبی ـەوە لە فاطمە ی کچ ی قەیس کەپرسیاری لەپێغەمبەر ﷺ کرد دەربارەی زەکات پێغەمبەریش فەرموویەت ی ﷺ

إن في المال لحقاً سوى الزكاة.

لەماڵ وساماندا ماف هەیە جگە لەزەکات.

لەڕیوایەتێکی تردا ابن ماجە گێڕاویەتیەوە فەرموویەت ی :

ليس في المال حق سوى الزكاة.

لەماڵ وسامان هیچ مافێک نیە جگە لەزەکات.

ئەم تێکچوونە کەلەم دووگێڕانەوەیەدا هەیە مەحاڵە جەمع ی لەنێواندا بکرێت هەربۆیە ئیمام ی العراقی فەرموویەت ی :

هذا الحديث مضطرب المتن ولا يحتمل التأويل.

ئەمە فەرموودەیەکی ضطرب ـە لەڕووی مەتنەوە هیچ تەفسیرێک هەڵناگرێت.

اضطراب لەسەنەدا وەک ئیمام ابن صەلاح باسیکردووە (سەیری جیاوازی سەنەدەکان بکەن لەدوای اسماعیل ی کوڕی ئومەیە) نمونەی ئەوەی گێڕدراوەتەوە لە اسماعیل ی کوڕی ئومەیە لە ابی عەمر لە محمدی کوڕی حریث لەابی هریرە لەپێغەمبەرەوە ﷺ (ئەگەر نوێژخوێن دارێکی دەست نەکەوت بیچەقێنێت لەپێش خۆیدا [بۆ سوترەی نوێژەکەی] ئەوا باهێڵێک بکێشێت).

— بشر ی کوڕی فضل و روح ی کوڕی قاسم بەم شێوە لەاسماعیل گێڕاویانەتەوە.

— بەڵام سوفيان ی ثەوری بەم شێوە گێڕاویەتیەوە (لە اسماعیل ـەوە لەابی عەمری کوڕی حریث لەباوکیەوە لە ابی هریرەوە).

— حمیدی کوڕی الاسودیش ڕیوایەت ی کردووە (لە اسماعیل ـەوە لە ابی عەمر کوڕی محمدی کوڕی حریث ی کوڕی سلیم لەباوکیەوە لە ابی هریرەوە).

— وهەیب وعبدالوارث گێڕاویانەتەوە (لەاسماعیل لە ئەبی عەمر کوڕی حریث لەباپیری حریث).

— عبدالرزاق وتویەت ی لەابن جریج بیستویەتی لەاسماعیل لە حریث ی کوڕی عەمار لەابی هریرە.

تێکچون ی زۆر لەوەزیاتری تێدایە کەباسمانکرد. [علوم الحديث (94)]

نمونەیەکی تر :

پرسیارکرا ئیمام ی الدارقطنی لەبارەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ

انا مدينة الحكمة وعلي بابها فمن اراد المدينة فلياتها من بابها.

فەرمووی ئەمە فەرموودەیە سەلەمەی کوڕی کوهەیل گێڕاویەتیەوە جیاوازی و تێکچون لەگێڕانەوەکەیدا هەیە شریک گێڕاویەتیەوە لە

سەلەمە لە صنابجی لە عەلی.

— جیاواز لەگێڕانەوەکەی شریک وتراوە لەشریک لە سەلەمە لە پیاووێکەوە لە صنابجی.

— یەحیای کوڕی سەلەمەی کوڕی کوهەیل گێڕاویەتیەوە لەباوکیەوە لە سوید بن غفلە لە صنابجی وسەنەدەکەی نەبەستراوەتەوە تا پێغەمبەر ﷺ فەرموودەکەش مضطرب ـە وثابت نیە چونکە سەلەمە فەرموودەی نەبیستوە لەصنابجی.

وانەی دەیەم

10

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی دەیەم

٢٦- وَالمُدْرَجَاتُ فِي الحَدِيثِ مَا أَتَتْ
مِنْ بَعْضِ أَلْفَاظِ الرُّوَاةِ اتَّصَلَتْ

٢٧- وَمَا رَوَى كُلُّ قَرِينٍ عَنْ أَخِهْ
مُدبَّجٌ فَأَعْرِفْهُ حَقّاً وَأَنْتَخِهْ

٢٨- مُتَّفِقٌ لَفْظاً وَخَطاً مُتَّفِقْ
وَضِدُّهُ فِيمَا ذَكَرْنَا المُفْتَرِقْ

٢٩- مُؤْتَلِفٌ مُتَّفِقُ الخَطِّ فَقَطْ
وَضِدُّهُ مُخْتَلِفٌ فَاخْشَ الْغَلَطْ

فەرموودەی مودرەج ئەوانەن کەهاتون لەهەنێک دەستەواژەی

ڕاویـەکان پێکەوە نووساون.

ئەوەی هەرهاوسـەردەمێک لەبراکەی ئەیگێڕێتەوە ئەوە مودەبەجە بیناسە بەهەق و شانازی پێوەبکە.

ئەوناوانەی بەنوسین وبەلەفزپێکردن (وتنەوە) وەکو یەکن ئەمە پێی ئەوترێ موتەفق دژکەشـی پێی ئەوترێ مفترق (لێکجیاواز) بەڵام مؤتلف ئەوەیە لەڕووی نوسینەوە وەک یەکن بەڵام بەوتنەوە جیاوازن دژی ئەمەش پێی ئەوترێ مختلف بۆیە وریابـە توشی هەڵە نەبیت تێیدا.

مودرەج بریتیە لەوفەرموودەیەی کەلەسەنەدەکەیدا یان لەمەتنەکەیدا زیادەیـەک هەیە کەئەو زیادەیە لەبنەڕەتی فەرموودەکە نیە بەڵکو زیادەی یەکێکە لەگێڕەوەکانی فەرموودەکە.

— بەپوختی واتا هەنێ لەقسەکانی گێڕەوەی فەرموودەکە تێکەڵ بەمەتن ی فەرموودەکە ئەبێت.

مودرەج (تێکەڵ کردن) لەسەنەد ولەمەتن ـیش ڕووئەیات.

جۆری یەکەم تێکەڵ بوون لەسەنەد :

بریتیە لەوەی ڕاوی فەرموودەکە سەنەدێـک ئەگێڕێتەوە لەکاتی گێڕانەوەی سەنەدەکە ڕووداوێـک یەتە پێش یان بابەتێکی لەناکاو یەتە پێش بۆیە ئەم ڕاویە لەوکاتـەدا قـســـەیـەک ئەکات لەگوێـگـرەکان وایە

ئەوقسەیە مەتنی فەرموودەی ئەو سەنەدەیە کەڕاوی گێڕایەوە بۆیە ئەوانیش بەوشێوە ئەیگێڕنەوە.

نمــونەکەی :

ئەو حەدیثەی ابن ماجه گێڕاویەتیەوە لەاسماعیل ی کوڕی محمد الطلحی لـە ثـابت ی کوڕی موسای الزاهد لەشـریک لـە ئەعمەش لە ابی سفیان لەجابر بەمەرفوع ی (هەرکەسێک شەونوێژی زۆربێت لەشەودا بەڕۆژ ڕووخساری جوان ئەبێت).

ئیمام ی حاکم فەرموویەتی : کاتێک (ثابت) چوە ژورەوە بۆلای شەریک لەوکاتەدا شەریک خەریکی وتنەوەی سەنەدێک بوو تافەرموودەیەک بگێڕێتەوە شەریک ئەیفەرموو (ئەعمەش پێی وتین لەابی سفیانەوە لەجابرەوە فەرمووی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی) پاشان شەریک بێدەنگ بوو بۆئەوەی ئەوکەسەی دەنگی شەریک ئەگەیەنێت بەقوتابییەکانی دوواتر ئەم سەنەدە بنوسێت لەوکاتەدا شەریک سەیری (ثابت ی کرد) بۆیە لەوکاتەدا شەریک فەرمووی هەرکەسێک شەونوێژی زۆربێت بەڕۆژ ڕووخساری جوان ئەبێت شریک لەم وتەیەدا مەبەست ی ثابت بوو چونکە ثابت کەسێکی خاوەن وەرع وزوهد بوو بەڵام ثابت واتێگەشت ئەو وتەیەی شریک مەتنی ئەوسەنەدەیە کەشریک ئەیگێڕایەوە هەربۆیە ثابت ئەو قسەیەی وەک فەرموودە گێڕایەوە لەشریک ـەوە. [تدريب الراوي (1/ 339)]

جۆری دووەم مدرج لـەمەتن ـدا :

بریتیە لەو بڕگەیەی کەوا کەسێ ڕاوی ئەیخاتە ناو مەتنەکەوە لەکاتێکدا ئەو بڕگەیە لەمەتن ی فەرموودەکە نیە.

ئەمەش سێ بەشە :

ـــ بەشی یەکەم :

تێکەڵکردن لەسەرەتای فەرموودەکە ڕووئەیات ئەمەش کەم کات ڕووئەیات بەڵام ڕوودانی ئەم جۆرە زیاترە لەچاو ڕوودانی لەناوەڕاست ی مەتن.

ـــ بەشی دووەم :

تێکەڵکردن لەناوەڕاست مەتن ڕوودانی ئەم جۆرە کەمترە لەچاو جۆری یەکەم.

ـــ بەشی سێهەم :

لەکۆتایی مەتن ڕووئەیات ئەمەش زۆرکات ڕووئەیات.

هۆکاری ئەم تێکەڵاوکردنە چیە بۆچی ڕووئەیات ؟

دیارترین ی هۆکارەکانی ڕوودانی تێکەڵاوکردن ئەمانەن :

١ - ڕوونکردنەوەی حوکمێکی شەرعی.

٢ - دەرهێنانی حوکمێکی شەرعی لەفەرموودەکە پێش ئەوەی فەرموودەکە تەواو بکات.

٣ - تەفسیرکردن ی لەفزێکی نامۆی ناو مەتنەکە.

نمونەی تێکەڵاوکردن لەسەرەتای فەرموودە :

وەک فەرموودەکەی ابی هریرە اللە تعالی لێی ڕازی بێت :

أسبغوا الوضوء ويلٌ للأعقاب من النار.

بەتەواوی دەست نوێژ بگرن هاوار بۆ ئەو پاژنە پێیانە لەئاگر.

ئەوەی کەمەرفوع ـە (واتا ئەوەی وتەی پێغەمبەرە ﷺ بریتیە لەبڕگەی ویل للاعقاب) بەڵام بڕگەی (اسبغوا الوضوء) ئەمە وتەی ابو هریرەیە بۆیە ئەوکەسەی فەرموودەکە ئەخوێنێتەوە واهەستەکات هەمووی وتەی پێغەمبەرە ﷺ چونکە لەکاتی گێڕانەوەدا ڕوونی نەکردۆتەوە کەئەو بەشە جیاوازە واتا لەوێدا ابو هریرە ئامۆژگاری کردوە تادەست نوێژ بەڕێک وپێکی بگرن لەگەڵ ئامۆژگاریەکەدا فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە لەکەسی گوێگر وایە هەموو ئەوە قسەی پێغەمبەربووە ﷺ.

نمونەی تێکەڵاوبوون لەناوەڕاستـی فەرموودە :

ئەو فەرموودەیەیە کە زوهری لەعائیشەوە ڕەزای اللە ی لێ بێت لابارەی چۆنیەتی دابەزینی وەحی واتا سەرەتای ئەوەی کەوەحی دابەزی بۆپێغەمبەر ﷺ دایکە عائشە فەرمووی :

كان النبي صلى الله عليه وسلّم يتحنَّثُ في غار حراء الليالي ذوات

العدد والتحنُّث التعبد.

ئەوەی گوێی لەم فەرموودەیە ئەبێت واگومان ئەبات تەفسیرکردنی وشەی (یتحنث) بە التعبد وتەی دایکە عائشەیە بەڵام لەڕاستیدا تەفسیرکردن ی وشەی (والتحنث التعبد) تەفسیری ئیمام ی زوهریە ئەم تێکەڵکردنەی قسەی خۆی لەناو مەتنەکە بۆئەوەبوە تەفسیری وشەی التحنث بکات وبەسەریدا تێنەپەڕێت چونکە شیکردنەوەی ئەو وشەیە ناچاریە چونکە لەبنەڕەتدا وشەی الحنث واتا تاوان بۆیە گەر ئیمام زوهری ئەوتەفسیرە نەکات لەگەڵ تاوانکردن تێکەڵ ئەکرێت بۆیە ڕوونی کردەوە التحنث واتا پەرستش کردن واتا پێغەمبەر ﷺ لەغاری حراء خەریکی پەرستنی الله تعالى بوو وە پەرستن ئەوشتەیە کەتاوان لەناو ئەبات ئەمە لەناونانی شتێکە بەدژەکەی.

وە نمونەی تێکەڵبون لەکۆتای فەرموودە :

فەرموودەکەی ابی هریرەیە کە فەرمووی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :

إن أمتي ياتون يوم القيامة غُرًّا محجلين من أثر الوضوء فمن استطاع منكم أن يُطيل غرته وتحجيله فليفعل.

ئومەتەکەم لەڕۆژی قیامەتدا یەن دەمچاو ودەست وپێیان سپی ودرەوشاوەیە لەبەر شوێنەواری دەستنوێژەکانیان ئەدرەوشێتەوە هەرکەس لەئێوە توانی سپیایەتی ودرەوشاوەی خۆی زیاتربکات باوابکات (واتا زیاتر لەوە بشۆرێت کەبەئەندازەی واجب دانراوە).

لێرەیا کەئەم فەرموودە ئەخوێنیتەوە وائەزانیت هەمووی وتەی پێغەمبەرە ﷺ بەڵام بڕگەی کۆتایی (فمن استطاع منكم أن يطيل غرته وتحجيله فليفعل) ئەمە مودرەج ـە لەوتەی ابی هریرەیـە.

مودەرج بەچەند شتێک ئەناسرێتەوە :

١ – بەدەق، کاتێک لەڕێگەیەکی ترەوە یـەت دەرەکـەوێت ئەمە مودرەج ـە.

٢ – بەمەحاڵ بوون لەوەی پێغەمبەر ﷺ شتی وای وتبێت، ئەمەش بەدەرکەوتنی هەڵەیەک تێیدا یان بونی نیشانەیەک بەڵگە بێت لەسەرئەوەی کەمەحاڵە ئەوە قسەی پێغەمبەر ﷺ بێت.

٣ – بەدەقی وتەی زاناگەورە فەرموودەناسەکان، کەڕوونی بکاتەوە ئەو زیادەیە مودرەج ـە.

حوکمی مودەرج چیە ؟

ئەگەر بەهۆی تێکەڵ بوونەوە مانا بگۆڕێت ئەوە دروست نیە مەگەر بەڕوونکردنەوە نەبێت بەڵام ئەگەر ماناکە نەگۆڕێت وەک فەرموودەکەی زوهری کەفەرمووی التحنث واتا پەرستن ئەوە لەم حاڵەتە کێشە نیە چونکە دژی ئەوەنیە کەدراوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ بۆیە کەدژایەتی تێدانەبوو هیچ ڕێگریەک نیە لەوەی باسبکرێت بەمەبەستی تەفسیرکردن وڕوونکردنەوە وەکاتێک دەرکەووت ئەو برگە مودرەج ـە ئەوە نابێت بەبەڵگە چونکە ئەوبڕگەیە لەوتەی پێغەمبەر نیە ﷺ.

مودەبەج چیە ؟

بریتیە لەوەی گێڕەوەیەک لەهاوەڵە هاوسەردەمە هاوشانەکەی خۆی بیگێڕێتەوە بەهەمان شێوە ئەوهاوڕێ هاوسەردەمە هاوشانەی خۆی لەم بگێڕێتەوە واتا هەردوولا لەیەکتر ڕیوایەت ئەگێڕنەوە.

ابن صلاح رحمە الله تعالی فەرموویەت ی : بریتیە لەوەی هەردوو هاوسەردەمەکە لەیەکتر ڕیوایەت بکەن.

هاوشان و هاوسەردەم یان الاقران واتای چیە؟

واتا ئەوانەن لەتەمەندا لەیەکترەوە نزیکن لەشێخایەتی وزانست وفەرموودەناسی وچیندا یەکسانن وەک شعبەی کوڕی حجاج وسوفیان ی ثەوری بەڵام ئەگەر تابعیەک لەصحابەیەک ڕیوایەت بکات وەصحابە لەتابعیەکەوە ڕیوایەت بکات ئەمە پێی ناوترێ مودەبەج چونکە لەدووچین وپێگەی جیاوازن بەڵام گەر عائشە لەابی هریرە ڕیوایەت کات ابی هریرە لەعائشە ئەمە پێی ئەوترێ مودەبەج کەواتا (عن اخە) واتا لەوەی یەکسانە لەگەڵ خۆی وهاوشانی خۆیەت ی جاهەرکات ئەم دوو اقرانە لەیەکتر ڕیوایەت بکەن وەک ئەوەی هەنێکات شعبە ڕیوایەتی لەسوفیان کردوە وسوفیانیش لەشعبە ڕیوایەتی کردوە ئەمە پێی ئەوترێ مودەبەج.

— بۆیە هەموو مودەبەج ێک ڕیوایەتە لەاقران بەڵام هەموو ڕیوایەتێکی اقران مودەبەج نیـە.

بۆچی ؟ چونکە هەموو مودەبەج یَ دوو هاوشانی یەکترن لەیەکتر ئەیگێڕنەوە بەڵام ڕیوایەتی اقران بریتیە لەوەی یەکێکیان ئەیگێڕێتەوە لەوەی تریان بەڵام ئەوەکەی تر لەم نایگێڕێتەوە ئەمە پێی ئەوترێ ڕیوایەتی الاقران واتا یەکێک لەو دووهاوشانە گێڕانەوە ئەکات بەبێ ئەوەی هاوشانەکەی لەم گێڕانەوە بکات بەپوختی یـەکلا گێڕانەوە ئەکات.

نمونەی مودەبەج لەناو هاوەڵان :

وەک ئەوەی دایکە عائیشە ڕیوایەتی لەابی هریرە گێڕاوەتەوە.

نمونە لەناوتابعین :

ڕیوایەت ی زوهری لەابی زوبیر ڕیوایەتی ابی زبیر لـە لە زوهری.

لەناو اتباع ـی تابعین :

ڕیوایەتی مالک لەئەوزاعی و ڕیوایەتی ئەوزاعی لەمالـک.

وەلەناو اتباع الاتباع :

ڕیوایەت ی احمدی کوڕی حنبل لەعلی کوڕی مەدینی و ڕیوایەتی علی کوڕی مەدینی لە احمدی کوڕی حنبل.

نمونەش لەسەر ڕیوایەت ی الاقران وەک ڕیوایەتی سولەیـمـانی کوڕی

تەیمی لە مسعر ـەوە کەهاوشانی یەکترین بەڵام مسعر ڕیوایەتی لەسلیمان ی تەیمی ـەوە نەکردوە ئەمە پێی ئەووترێ ڕیوایەتی الاقران.

٢٨ـ مُـتَّـفِـقٌ لَـفْـظاً وَخَـطاً مُـتَّـفِـقْ
وَضِـدُّهُ فِـيـمَـا ذَكَـرْنَـا الْمُـفْـتَـرِقْ
٢٩ـ مُـؤْتَـلِـفٌ مُـتَّـفِـقُ الخَـطِّ فَـقَـطْ
وَضِـدُّهُ مُـخْـتَـلِـفٌ فَاخْـشَ الْـغَـلَـطْ

ئەوناوانەی بەنوسین وبەلەفزپێکردن (وتنەوە) وەکو یەکن ئەمە پێی ئەوترێ موتەفق دژکەشی پێی ئەوترێ مفترق (لێکجیاواز) بەڵام مؤتلف ئەوەیە لەڕووی نوسینەوە وەک یەکن بەڵام بەوتنەوە جیاوازن دژی ئەمەش پێی ئەوترێ مختلف بۆیە وریابە توشی هەڵە نەبیت تێیدا.

متفق بریتیە لەوەی ناوی ڕاویەکانی فەرموودەکە وناوی باوکی وبەرەو سەروتر لەڕووی نوسین و وتنەوەشدا وەکو یەک بێت بەڵام لەهەمان

کاتدا دوو کەسایەتی جیاوازترن لـەیەکتر یان ناوی خۆی ونازناوەکانیان وەکو یـەک بێت وهاوشێوەی ئەمە. [تيسير مصطلح الحديث 206]

— کەواتا متفق ئەوەیە ناوی پیاوی سەنەدەکە لەڕووی نوسین و دەربڕینەوە وەکو یەکە.

— بەڵام (مفترق) دووکەسی جیاوازن.

بۆنمونە :

دووکەس هەن ناویان عەباس ـە.

یەکێک لەم دووعەباسـە ڕیوایەت ـی قبوڵکراوە بەڵام ئەوەکەی تر ڕیوایەتی قبوڵ کراونیە وبەضعیف دانراوە لێرەدا هەردووکیان ناویان وەک یەکە (متفق ـن لەڕووی ناو هەم بەشێوەی نوسینەوە هەم بەخوێندنەوە بەعەباس ئەخوێنرێتەوە) بەڵام مختلف ـن کەدووکەسی جیاوازن.

بۆنمونە :

یەکێک لەزانایانی فەرموودە ئەڵێت حدثنی عباس (عەباس پێی وتم) ئەم عەباسە یەکێکە لەشێخەکانی ئەم زانایە بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم زانایە دوو شێخ ـی هەبوە بەناوی عەباس یەکێکیان سیقەپێکراوە ڕیوایەتی قبوڵکراوە بەڵام عەباسەکەی تر ڕیوایەتی قبوڵنەکراوە بۆیە لێرەدا لەناو و وتنەوەی ناویان یەکسانن بەڵام دووکەسی جـیاوازن بۆیە لێـرەدا

گومان لەسەر صەحیح بونی فەرموودەکە دروست ئەبێت چونکە نازانرێت ئەمە کام عەباسە هەربۆیە بەم زانستە ئەوترێ متفق مفترق بەڵام ئەگەر هەردوو شێخ عەباسەکەی سیقە وقبوڵکراوبن لەوکاتەدا زیان ناگەیەنێت بەصەحیح بونی فەرموودەکە ئەم متفق ومفترق ـەش تایبەتە بەپیاوانی سەنەدەکەوە پەیوەندی نیە بەمەتنی فەرموودەکە.

شێخ محمود شكري الألوسي رحمه الله فەرموویەت ی : ئەمە زانستێکی گرنگە لەسودەکان ی بریتیە لەپارێزراوبون لەتێکەڵکردن چونکە جاری واهەیە چەند کەسێکی جیاوازە واگومان ئەبات یەک کەس بێت یاخود چەند کەسێکن ناویان وەکو یەکە بەڵام یەکێک لەوان سیقەیە ئەوەکەی تر ضعیف ـە (بەناسینەوەی ئەم کەسانە مرۆڤ پارێزراوئەبێت لەوەی فەرموودەیە ضعیف بەصحیح دانێت یان صحیح ی بەضعیف دانێت). [عقد الدرر للألوسي 382]

نمونە لەسەر ئەم جۆرە :

١ – ئەوەی ناوی خۆی وناوی باوکیان وەکو یەکە، نمونەی خلیل ی کوڕی أحمد شەش کەس هەن ئەم ناوەیان هەیە.

٢ – ئەوەی ناوی خۆی وباوک وباپیری وەک یەکن، (أحمد ی کوڕی جعفر ی کوڕی حمدان چوارکەس هەمان ناون لەیەک سەردەمدا).

٣ – ئەوەی لەنازناو ونەسەبدا وەکو یەکن نمونەی أبو عمران الجوني کەدووکەس ن.

٤ – نمونەی ئەوانەی لەناو و نازناوی باوکیاندا وەکو یەکن وەک صالح بن أبي صالح چوارکەس هەن بەوناو نازناوە.

٥ – ئەوانەی ناوی خۆیان وباوک انتسابەکەیان وەکو یەکە وەک محمد ی کوڕی عبدالله الأنصاري دووکەس هەن.

٦ – ئەوانەی لەناودا وەک یەکن یا تەنها لەنازناو.

٧ – لەخۆدانەپاڵدا ناویان وەکو یەکە بەڵام خۆدانەپاڵەکەیان جیاوازە وەک نمونەی الحنفی والحنفی یەکێکیان نسبەتە بۆمەزهەب ی حەنەفی ئەوەکەی تر نسبەتە بۆ بەنی حەنیفە.

کەواتا ئێستا زانیت متفق ومفترق چیە.

بۆیە ئینجا یەینە سەر مؤتلف ومختلف وەک ئیمام فەرمووی :

٢٩- مُؤْتَـلِـفٌ مُـتَّـفِـقُ الخَـطِّ فَـقَـطْ

وَضِـدُّهُ مُخْـتَـلِفُ فَاخْـشَ الْـغَـلَطْ

بریتیە لەوەی ناو ونازناو وکونیە ونەسەبەکان تەنها لەڕووی نوسینەوە وەکو یەکن بەڵام لەخوێندنەوەدا جیاوازن بۆنمونە لەلای زانایانی پێشین وشەی عباس وعیاش وەکو یەک ئەنوسران چونکە خاڵبەندی بۆنەئەکرا بەدانانی خاڵ لەسەر پیتەکان بەم شێوە ئەنوسرا (عاس) بەڵام لەخوێندنەوە جیاواز بوون لەنوسیندا وەک یەک بوون ئەمە پێی ئەوترێ مؤتلف (لەڕووی نوسینەوە وەکو یەکن) وە مختلف (بەڵام دەربڕین وگوزراشت لێکردنیان جیاوازە) بەڵام لەلای زانایانی متأخرین ئەم تێکەڵبونە کەمترە چونکە ئەوان پیتەکان بەخاڵ دائەنێن.

گرنگی ئەم زانستە ئەوەیە ئیمام ی ابن حجر فەرموویەت ی : زانینی ئەم بابەتە یەکێکە لەگرنگتریترین زانستەکان.

تەنانەت علی کوڕی مەدینی فەرموویەتی : توندترین جۆری هەڵەی وشە ئەوەیە کەلەناوی پیاواندا ڕووئەیەن.

وانەی یانزە

11

بسم الله الرحمن الرحيم

وانەی یانزە

٣٠- وَالمُنْكَرُ الْفَرْدُ بِهِ رَاوٍ غَدَا
تَعْدِيلُهُ لاَ يَحْمِلُ التَّفَرُّدَا

٣١- مَتْرُوكُهُ مَا وَاحِدٌ بِهِ انْفَرَدْ
وَأَجْمَعُوا لِضَعْفِهِ فَهْوَ كَرَدْ

٣٢- والكذب المختلق المَصنوعُ
على النبيْ فذلك الموضوعُ

٣٣- وَقَدْ أَتَتْ كَالجَوْهَرِ المَكْنُونِ
سَمَّيْتُهَا مَنْظُومَةَ الْبَيْقُونِي

٣٤- فَوْقَ الثَّلاَثِينَ بِأَرْبَعٍ أَتَتْ

أَبياتها تَمَّتْ بِـخَـيْـرٍ خُتِـمَـتْ

مونکەر لەفـەرمووده چیه ؟

ئیمام ی بەیقوونی لەپێناسەی مونکەردا فەرموویەت ی بریتیە لەوەی کەتاکەکەسێک ڕیوایەتی کردووە کەڕیوایەتی ئەم کەسە بەتەنها قبوڵکراو نیـە.

— بـەڵام زۆرینەی زانایان لەپێناسەی منکر لەفەرموودە وتویانە بریتیە لەو فەرموودەیەی کەسێک بەتەنها ڕیوایەتی فەرموودەیـەک ئەکات کەئەم کەسە شایستەی ئەوەنیە کەتەنها خۆی ڕیوایەتێک بکات ڕیوایەتی قبوڵ بکرێ. [إصلاح الاصطلاح (269)]

واتا هەرفەرموودەیەک صەحیح بوونی مەحاڵ وئەستەم بێت ئەوە لای زانایان بەمنکر یان باطل ناوئەبرێت. [الأنوار الكاشفة (7)]

کەواتا منکر لـەلای زانایان چەند پێناسەیـەکی هەیـە لەو پێناسانەش :

١ – ئەو فەرموودەیـەیە کەوا کەسێک لەسەنەدەکەیدایە فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە ئەو کەسە هەڵەی زۆرە یان غافڵ بوونی زۆرە یان فاسقبوونی ئاشکرای هەیە.

٢ – پێناسەی دووەم : بریـتـیە لەوفەرموودەیـەی کەسێـکـی لاواز

ئەیگێڕێتەوە پێچەوانەی ڕیوایەتی کەسێکی سیقە ئەکات کەئەمەش بۆچونێکی گونجاو ودروستە وتەی زۆرینەی فەرموودە ناسەکان بەتایبەت لەلای زانایانی متأخرین. [النكت على ابن الصلاح (2/ 459)]

٣ – بریتیە لەوەی کەسێک بەتەنها ئەوفەرموودەیەی گێڕاوەتەوە کاتێک ئەم کەسە بەتەنها فەرموودەیەک ئەگێڕێتەوە تاکبونی لەگێڕانەوەدا قبوڵناکرێت چونکە ئەم کەسە لاوازە دادپەروەریەکەی شایستەی ئەوەنیە ڕیوایەتی تەنهای لێ قبوڵ بکرێت ئەمەش پێناسەی ئیمام ی بەیقوونی ـە.

پاشان ئیمام فەرمووی :

٣١- مَـتْــرُوكُـهُ مَـا وَاحِــدٌ بِـــهِ انْـفَـرَدْ
وَأَجْـمَـعُـوا لِضَعْـفِهِ فَـهْـوَ كَـرَدْ

مەتروک ئەوەیە بەتەنها ڕاویەک گێڕاویەتیەوە زانایان تێکڕا کۆڕان لەسەر لاوازی ئەو کەسە.

واتا کەسێک بەتەنها گێڕاویەتەوە زانایانی فەرموودە کۆڕان لەسەر لاوازبونی (فهو كرد) واتـا ڕەتکـراوەیـە کەواتا لەســەر ئەم پێنـاســە

دەرەکەوێت ئەوەی ڕیوایەتەکە بکات ضعیف نەبێت بەمەتروک دانانرێت وە ئەو کەسە لاوازەش خیلاف هەیە لەسەر لاوازبوونی بەمتروک دانانرێت ئەمەش بۆچونی ئیمام ی بەیقونی ـە.

— ئیمام ی ابن حجر فەرموویەت ی مەتروک بریتیە لەڕیوایەتی ئەوکەسەی کە تۆمەتبارکراوە بەدرۆ.

کەواتا کەبینیت لەسەر یەکێک لەڕاوویەکان وترا فلان کەس زانایان کۆڕان لەسەر لاوازبوون ی ئەوە ناوی ئەو ڕیوایەتە ئەنرێت بەچی ؟ ناوئەنرێت بەمتروک یان کەبینیت ئەوترێ فلان کەس تۆمەتبارە بەدرۆ ناوئەنرێت بەمتروک چونکە تۆمەتبار بەدرۆ ڕیوایەتی وەک ڕیوایەتی هەڵبەستراوە (موضوع).

تێبینی :

جیاوازی نێوان تۆمەتبار بەدرۆ لەگەڵ درۆزن لەیەکتر جیابکەرەوە لێت تێکەڵ نەبێت ئیمام ی صنعاني لە توضیح الأفكار (٢٧٣/٢) فەرموویەت ی :

ولا تقول في الكذاب أي فيمن وصفوه بذلك أنه متهم بالكذب لأن الأولى تفيد أنه معروف به والثانية تفيد نفي ذلك وإنما عنده مجرد تهمة.

نەکەی بەوکەسەی وەسف کراوە بەدرۆزن بڵێیت تۆمەتبارە بەدرۆ چونکە ئەوەی وەسفکراوە بەدرۆزی مانای ئەوە ئەگەیەنێت واتا ئەم کەسە بەدرۆ ناسراوە بەڵام ئەوەی پێی وتراوە تۆمەتبارە بەدرۆ واتا تەنها تۆمەتبارە نەک ئەوەی بەدرۆ ناسرابێت.

کەواتا كذاب (درۆزن) ئەوکەسەیە کەناسراوە وزانراوە درۆ ئەکات بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ.

٣٢- والكذب المختلق المَصنوعُ
على النبيْ فذلك الموضوعُ

٣٣- وَقَدْ أَتَتْ كَالجَوْهَرِ المَكْنُونِ
سَمَّيْتُهَا مَنْظُومَةَ الْبَيْقُونِي

٣٤- فَوْقَ الثَّلاَثِينَ بِأَرْبَعٍ أَتَتْ
أَبياتها تَمَّتْ بِخَيْرٍ خُتِمَتْ

درۆ وداهێنراو دروستکراو.

بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ پێی ئەوترێ موضوع (هەڵبەستراو بەناو پێغەمبەرەوە ﷺ).

وەک گەوهەری ناو توێکڵ هات.

ناوم لێنا هۆنراوەی بەیقوونی.

سەروو سی دانە دێڕ وچواریشی هاتە سەر.

دێڕەکانیشی بەخێر کۆتای هات وتەواو بوو.

کەواتا وەک ئیمام فەرمووی پێناسەی موضوع بریتیە لەدرۆ هەڵبەستن وقسە دروست کردن بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ. [تيسير مصطلح الحديث (89)]

هەنێ لەزانایان وتویانە فەرموودەی هەڵبەستراو هەرفەرموودەیەکە بدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ یەکسانە بەئەنقەست بکرێت یان بە هەڵە بەڵام هەنێکی تر لەزانایان وتویانە جیاوازی تێدا ئەکرێت ئەوەی بەئەنقەست بەناوی پێغەمبەرەوە درووست ئەکرێت ﷺ ئەمە پێی ئەوترێ موضوع ئەوەی بەهەڵە ئەدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ پێی ئەوترێ باطل. [الوضع في الحديث (1/ 100)]

پلەی موضوع خراپترین بەشی فەرموودەیە لەپلەدا.

حوکم ـی گێڕانەوەی فەرموودەی موضوع :

حەرامـە جائیزنیـە بۆهیچ کەسێک بگیرێتەوە کەبزانێت موضوع ـە ئیلا مەگەر بۆ ڕوونکردنەوە وەک ئەوەی بڵێت ئەمە موضوع ودروستکراوە ئەگینا گێڕانەوەی وەک دین حەرامە لەبەر فەرموودەی :

من كذب عليّ متعمداً فليتبوأ مقعده من النار.

هەرکەسێ بەئەنقەست درۆم بەناوەوە بکات باجێگەیەک بۆخۆی لەدۆزەخ دانێت.

نیشـانەکانی فەرموودەی هەڵبەستراو :

١ – لەوتەی پێغەمبەران علیهم السلام ناچێت.

٢ – زیاتر لەقسەی پزیشک و ئەوکەسانە ئەچێت کەبەفرت وفێڵ وبەناوی چارەسەرەوە قسە ئەکەن.

٣ – خۆی لەخۆیدا فەرموودەیەکی پڕوپوچ وباطل بێت کەپڕوپوچ بونەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قسەی پێغەمبەر نیە ﷺ.

٤ – پێچەوانەی ڕاشکاوی قورئانە.

٥ – گاڵتەجاڕی وبێ مانای لەفەرموودەکەدا.

لەورێگایـانەی ئەزانرێت فەرموودەکە هەڵەبەستراوە :

١ – کەسی درۆزن خۆی دان ئەنێت بەهەڵەبەستراوی فەرموودەکە.

٢ – دەرکەوتنی حاڵی ئەوکەسەی ئەیگێڕێتەوە وەک ئەو نمونەی ئیمام

ی خطیب باسیکردووە کەوا کەسێک هەبوو بەناوی عتاب ی خۆی بەپیاوچاک پیشان ئەیا خەڵک کۆئەبوونەوە گوێیان لێ ئەگرت شتی سەیروسەمەرەی ئەگێڕایەوە ڕۆژێک علان ی الوراق عتاب ی بینی، بینی عتاب کارێکی نەشیاوی ئەنجام یا پێی وت ئەوە تۆشەرم ناکەی ئەوکارە ئەکەیت ؟ وتی لەکێ شەرم کەم ؟ وتی لەوخەڵکە وتی کام خەڵک ؟ وتی ئەوخەڵکەی گوێت بۆئەگرن عتابـ ی وتی ئەوانە خەڵک نین ئەوانە مانگان گەر ئەشتەوێ بۆت ئەسەلمێنم وەرە لەگەڵم پێکەوە ڕۆشتن پاشان عتاب ی دانیشتن وتاری یا بۆخەڵکەکە باسی خۆشیەکان بەهەشـت و وەسفەکانی بەهەشتی بۆئەکردن خەڵکەکەش بێدەنگ دانیشتبوون گوێیان بۆئەگرت هەرکەبینی خەڵکەکە بەوتارەکە کاریگەربوون پاشان فەرموودەیەکی هەڵبەست بەدرۆوە وتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی :

من استطاع منكم أن يلمس أرنبة أنفه بلسانه دخل الجنة.

هەرکەس لەئێوە بتوانێ زمانی بات لەسەری لوتی ئەوە ئەچێتە بەهەشتەوە !

دەست بەجێ ئەو خەڵکە دەستیان کرد بەزمان دەرهێنان تازمانیان بات لەسەر لوتیان ! عتاب ی وتی ئایا پێم نەوتی ئەوخەڵکە مانگان ؟؟!

[الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع الخطيب البغدادي ١٦٨]

٣ – باری فـەرموودەکە بەجۆرێک بێت دژی دەقێکی قورئان وسونەتی متواتر یـان پێچەوانەی ئیجماعێکی قطعی یان ئەقڵی صریح بێت.

[نزهة النظر(109)]

هۆکارەکـانی دروستکردنی فەرموودەی هەڵبەستراو :

١ – بێدینی وەک زندیقەکان.

ئیمام ی سیوطی لەتاریخ الخلفاء لەبەرگی یەکەم ژمارە 468 گێڕاویەتیەوە ئەفەرموێت : هـارون رشید زندیقێکی دەستگیرکرد فەرمانی یا لەگەردنی درێت زندیقـەکە وتی بۆ لەگەردنم ئەیەی ؟ هارون فـەرمووی تابەندەکان بحەوێنەوە لەدەست خراپیت زندیقەکە وتـی ئەی چی ئەکەیت لەو هەزار فەرموودەیەی هەڵم بەستوە بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ تەنانەت یەک پیتی ئەوفەرموودانە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ نەوتراوە ؟ هـارون فەرمووی ئەی دووژمن ی الله چی لـە ابی اسحاق ی الفزاری وعبدالله ی کوڕی مبارک ئەکەیـت ئەوان هەموو فەرموودەکان ئەپاڵێون پیت بەپیت دەریان ئەهێنن ڕاست و درۆی لێ جیائەکەنەوە.

٢ – زاڵبون ی جەهل وەک هەنێ لەئەهلی بیدعێ.

٣ – هەواو ئارەزوو.

٤ – دەمارگیری مەزهەب ی وعەقیدەیی یان دەمارگیری بۆکۆمـەڵەکەی

وەک حاڵـی ڕافیزە کەلەپێناو دەمارگیری بۆ ال البيت هەزاران درۆیان بەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵبەستوە چەندان فەرموودەیان دروستکردووە بۆ سـەرزەنشتکردنی بەنی ئومەیە.

لەوكتێبانـەی لەم بارەیەوە نوسـراون :

الموضوعات ی ابن جوزی و الاباطيل والمناكر للجوزقانی والفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة للشوكاني.

كۆتـای هـات والـحـمـدلله رب الـعـالـمـين

12ربیـع الاول 1448 ی كۆچی

25 ی 8 ی 2026

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری) حفظه الله تعالی

مَنظومةُ البَيقونيّ

نووسراوی

ئیمام عمر ابن محمد ابن فتوح البيقوني

وەرگێران و لیدوان

مامۆسا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

حفظه الله تعالى